گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆڵی مستەفا بارزانی
لە بەنێودەوڵەتیکردنی دۆزی کورد لە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٦٠-١٩٧٦)

قارەمان حەیدەر رەحمان

بەشی مێژوو, کۆلێژی ئاداب , زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق.

qaraman.rahman@su.edu.krd

زانیاریەکانی توێژینەوە

بەرواری توێژینەوە:

وەرگرتن:٢٠٢٤/٥/١٥

پەسەندکردن:٢٠٢٤/٧/١٨

بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٥

ووشە سەرەکییەکان

Mustafa,Barzani, Revolution, Kurd, Cause.

Doi: 10.25212/lfu.qzj.10.3.6

پوختە

مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی درێژترین شۆڕشی کوردی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥) لە باشووری کوردستان کردووە. بۆ بەردەوامیدان بەم شۆڕشە، کاریکردوە بۆ بەکارهێنانی توانا مرۆییەکان بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ پرسی کورد. لە ڕێگای دامەزراندنی نوێنەرایەتی شۆڕش بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی سەرکردایەتی کورد بە نێوەندە جیهانییەکانی وەک کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوەکانی بەستراوە بەم ڕێکخراوە. سەرباری پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ ڕۆژنامەگەری جیهانی بۆ گواستنەوەی وێنای دۆخ و داخوازی گەلی کورد بۆ نێوەندە جیهانییە کاریگەرەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەئامانجی دەستبەرکردنی پشتیوانی سیاسی و سەربازی و مرۆیی بۆ شۆڕشگێران و خەڵکی سڤیلی باشووری کوردستان، کە بەهۆی شەڕ و شۆڕشەوە ڕووبەڕووی نارەحەتی و ژیانێکی سەخت ببوونەوە. هەرچەندە لە ئەنجامی ململانێ و پیلانگێری نێودەوڵەتی ، شۆڕشی کورد لە ڕووی سەربازییەوە بەتەواوی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە بە پێچەوانە بوو، بەهۆی ئەوەی مستەفا بارزانی توانی سەرکەوتووبێ لەوەی بۆ دووجار لە ساڵەکانی (١٩٦٣ و ١٩٧٤)، پرسی کورد بخاتە نێو چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1.پێشەکی :

مستەفا بارزانی ڕێبەرێکی دیاری کوردە لە سەدەی بیستەم. لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥) سەرکردایەتی درێژترین شۆڕشی کوردی لە باشووری کوردستان کردووە، لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد. لەم ماوەیەدا ئەم ڕێبەرە لەپێناو بەدەستهێنانی پاڵپشتی وڵاتانی زلهێز و هەرێمی، کاریکردووە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی دوو قۆڵی لەگەڵ بەشێک لەم وڵاتانەی خاوەن سەنگ و پێگەی سیاسی کاریگەربوون لەناوچەکە. بەڵام هەمیشە ڕووبەڕووی بەربەستێکی گەورە بۆتەوە، بەهۆی هەڵویستی هەندێک لەم وڵاتانە بەرامبەر شۆڕشی کورد، کە هەمیشە وەک پرسێکی ناوەخۆیی لە عێراقدا سەیریان دەکرد، بەو هۆیەوە ئامادە نەبوون پشتگیری کورد بکەن، لە بەرامبەر حکومەتی عێراقی. بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە، بارزانی هەوڵیدا پرسی کورد بخاتە نێو چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی. لەم سۆنگەوە ئەم توێژینەوەیە کە بەناوونیشانی(ڕۆڵی مستەفا بارزانی لە بەنێودەوڵەتیکردنی دۆزی کورد لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٠- ١٩٧٦) هاتووە، هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕای گشتی جیهانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە پرسی کورد لە باشووری کوردستان.

گرنگی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پەنای بردۆتە بەر هەڵبژاردنی چەند لایەنێکی شاراوە و کەمتر بینراوی پەیوەندییەکانی مستەفا بارزانی لەگەڵ نێوەندە جیهانییەکان، جیاواز لەم توێژینەوانەی لە پێشتردا ئەنجامدراون و باسیان لە پەیوەندییەکانی شۆڕشی کورد کردوە لەگەڵ بەشێک لە وڵاتان. بەهۆی بوونی ئەم بۆشاییە مێژووییە، بە پێویستمان زانی کاربکەین بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە.

میتۆدی توێژینەوە: شێوازی شیکاریمان لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە بەکارهێناوە، بە پشت بەستن بەچەند نموونەیەکی دیاریکراو بۆ ساخکردنەوەی هەڵسەنگاندن و تێڕوانینە زانستییەکانمان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکهاتەی توێژینەوە: پێکهاتووە لە پێشەکی و سێ تەوەر و دەرئەنجام. لە پێشەکیدا پوختەیەکمان لەسەر توێژینەوەکە باسکردووە. ئینجا لەتەوەرێکدا بەناوونیشانی(پەیوەندیکردنی بارزانی بە نێوەندە سیاسییە جیهانییەکان لە ڕێگای نوێنەرانی شۆڕش)، باسمان لە هەوڵەکانی مستەفا بارزانی کردوە بۆ بەدامەزراوەییکردنی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی شۆڕش لەگەڵ نێوەندە جیهانییەکان بەگشتی. لەتەوەری دواتر کە بەناوونیشانی (پەیوەندی ڕاستەوخۆی مستەفا بارزانی بە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان)هاتووە، باسمان لەهەوڵەکانی بارزانی کردوە لەگەڵ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی بەستراوە بەم دامەزراوەیە و بەشێک لەم وڵاتانەی ئەندامی هەمیشەیی بوون لە ڕێکخراوەکە، بەئامانجی بەنێودەوڵەتیکردنی دۆزی کورد. تەوەری کۆتایی باسەکەشمان کە بەناونیشانی(پەیوەندی بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەگەری جیهانی) هاتووە. تەرخانمان کردوە بۆ باسکردنی پەیوەندییەکانی مستەفا بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەگەری جیهانی و کاریگەری لەسەر خستنەرووی دۆزی کورد لەبەردەم ڕای گشتی جیهان، بۆ ئەمەش چەند نموونەیەکمان وەرگرتووە لە ڕۆژنامەکانی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی و (لۆمۆندی) فەرەنسی و (براقدا)ی سۆڤیەتی و (داڤار و مەعاریف)ی ئیسرائیلی. لەگەڵ چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی ئێرانی.

سەرچاوە سوودبەخشەکان: دیارە ئەم سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون بریتین لە بەڵگەنامە بڵاوکراوەکانی حکومەتی ئوستراليا، لەگەڵ ژمارەیەکی گونجاو لە گۆڤار و ڕۆژنامە جیهانییەکانی ئەم سەردەمە و بەشی سێیەمی یاداشت و بیرەوەرییەکانی موحسین دزەیی بەناونیشانی (احداث عاصرتها). سەرباری سوود وەرگرتن لەچەند سەرچاوەیەکی دیکەی مێژوویی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. پەیوەندیکردنی بارزانی بە نێوەندە سیاسییە جیهانییەکان لە ڕێگەی نوێنەرانی شۆڕش:

لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە ئەیلولی١٩٦١، هیچ دەزگا و دامەزراوەیەک بەناوی پەیوەندییەکانی شۆڕش نەبوو. دوای ماوەیەکی کورت، بەشێک لە ڕۆشنبیرانی کورد لە ڕۆژئاوای ئەوروپا، لە تشرینی دووەمی ١٩٦١ لێژنەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردییان دامەزراند(Le Monde, 29 avril 1964)، کە بارەگای سەرەکی لە شاری (جنێف) بوو لەسویسرا (Le Monde, 09 septembre 1963) و تەنانەت لقی ڕێکخراوەکەیان لە شاری(لۆزان)ی سویسرا و لە شاری(بەرلینی ڕۆژئاوا)ش کردەوە(VICHNIAC, 24 février 1964). دەستییانکرد بە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ کەناڵە جیاوازە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان، لە پێناو ئاگادراکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەولەتی بە پرسی کورد. لە (١٩ی کانوونی دووەمی١٩٦٢) مستەفا بارزانی نامەیەکی ئاڕاستە کردن و داوای لێکردن پشتگیری شۆڕشی کورد بکەن. لە پێناو دەستەبەرکردنی پشتیوانی سیاسی نێودەولەتی. بارزانی لە بەشێکی ئەم نامەیەی بۆ ئەندامانی لێژنەی بەرگری لە مافەکانی کوردی نووسی کە عیسمەت شەریف وانلی(١٩٢٤-٢٠١١) و چەند کوردێکی نیشتمانپەروەری دانیشتووی ئەوروپا دایانمەزراند بوو، دەڵێت:" یەکگرتنی هێزەکانی گەلی کورد پێویستە بەهەموو چینەکانییەوە، پارت و ڕێکخراوەکانی، بۆ کارکردن لەسەر سەرکەوتنی شۆڕش".دوای ئەم نامەی بارزانی، کار و چالاکییەکانی ئەم لێژنەیە بە شۆڕشی کورد بەستایەوە. بەشێوەیەک ئەم ڕێکخراوەی بەرپرسیارکرد لە نوێنەرایەتیکردنی شۆڕشی کورد لە دەرەوە و لەسەری پێویست بوو وەک وتەبێژی شۆڕش بەشداری چالاکییە سیاسییەکان بکەن (وانلي ،٢٠١٢، ص١٥٩). لەسەر بنەمای ئەم ڕێگا پێدانەی مەلا مستەفا بارزانی لە (٢٧ی حوزەیرانی ١٩٦٢) بە نامەیەک کە ئاڕاستەی سەرۆک و ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەی کرد بە ڕێکخراوەکەی بەخشی، بۆ خزمەتکردنی دۆزی کورد لە هەموو لایەنەکان لە دەرەوە(Le Monde, 29 avril 1964).

لێژنەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد لە ئەوروپا، ئەمینداریتیەکی گشتی هەبوو، کە لە(٣) کەس پێکهاتبوو. ئەمانیش بریتی بوون لە عیسمەت شەریف وانلی ئەمینداری ڕێکخراوەکە و (دکتۆر وریا رواندوزی) کە پزیشک بوو لە ڤییەننا، هەروەها (سەعدی دزەیی) ئەمیش

ئەندازیارێکی کورد بوو لە ئەلمانیای ڕۆژئاوا، هەردووکیان یاریدەدەری ئەمینداری ڕێکخراوەکە بوون. دوای ئەوەی بە نوێنەرایەتی شۆڕش و وەک وتەبێژی ڕێبەری کورد مستەفا بارزانی لە ئەوروپا دەستییان بە کارەکانیان کرد. تەواوی بانگەوازەکانی مەلا مستەفا بارزانیان بۆ ڕای گشتی جیهانی بڵاوکردەوە (وانلي ،٢٠١٢، ص ص١٦٩،١٧٧).

دیارە ئەم جۆرە ڕاگەیەنراوانە، هەرچەندە ڕێگایەک بوون بۆ ڕاکێشانی سۆز و پشتگیری ڕای گشتی جیهانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە دروستکردنی گەلەکۆمەکی سیاسی هەبوو لەنێو دامەزراوە کاریگەرەکانی ئەو سەردەمە، لەمانەش کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوەکانی دیکەی بەستراوە بەم ڕێکخراوە. لەم سۆنگەوە مستەفا بارزانی سەرەتای هەنگاوە دیپلۆماسییەکانی بەهاوکاری ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەوروپا لەمانەش لەگەڵ کامەران بەدرخان(١٨٩٥-١٩٧٨) بەڕێوەبەری مەڵبەندی دیراساتی کورد لەپاریس دەستپێکرد. وەک لە هەواڵێکی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکیدا هاتووە، بارزانی لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٢، داوای لە سەرۆکی کاتی ئەنجومەنی ئاسایش فالیرایان زورین(١٩٠٢-١٩٨٦)ی سوڤیەتی کرد، کوردەکانی عێراق کە نزیکەی(١٨٠٠،٠٠٠) کەس دەبن، پێویستە مافی چارەی خۆنووسینیان پێ بدرێ. هاوکات بارزانی داوایکرد لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی ڕەوانەی باشووری کوردستان بکەن بۆ دیراسەکردنی بارودۆخی ناوچەکە. ئەوە سەرباری ئەوەی داوایکرد هاوکارbن بۆ ڕاوەستانی شەڕ و پرۆسە سەربازییەکانی سوپای عێراقی بەرامبەر بە گەلی کورد(The (New York Times, 18 October 1962, p.5

بەپێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییەی بارزانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیبوو، سەرۆکی کاتی ئەنجومەنی ئاسایش، لە ساڵی (١٩٦٣) ئەم بابەتەی نەخستە بەردەم ئەنجومەنەکە. بەو هۆیەوە بەدرخان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە نێردەی وڵاتانی ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و چەند یاداشتێکی دیکەی بە ناوی ڕێبەری گەلی کورد، پێشکەشکردن. (NAA: A1838, Part1, Iraq- Political States- Kurds, 4 July 1963, p.9)

ئەم هەوڵانەی نێرداوەکانی بارزانی لە ئەوروپا لەنێو کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکیان خست، دواجار لە دوای ئەنجامدانی کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی سڤیلی کوردستان لەدوای هەڵگیرسانی شەڕ لە حوزەیرانی ١٩٦٣، بووە هۆی ئەوەی حکومەتی مەنگۆلیا لەسەر ڕاسپاردەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکێتی سۆڤیەت لە (٢ی تەممووزی١٩٦٣) داوا بکات پرسی کۆمەڵکوژی کورد بخرێتە نێو کارنامەی کۆبوونەوەی خوڵی کاتی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان NAA: A1838, Part1, (Iraq- Political States, 3 July1963, p.189). بەم جۆرەش یەکێک لە ئامانجەکانی سەرکردایەتی کورد بەدیهات، کە بریتی بوو لەخستنەڕووی دۆزی کورد لە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەولەتی(رەئیسینەژاد ،٢٠٢٢، ل١٩٦). بەڵام لە هەنگاوێکی نمایشکەر و لەدوای چەند کاتژمێرێک، بەر لە گرێدانی خولەکە، سەرۆکی شاندی مەنگۆلیا داوایەکەی کێشایەوە. کە بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی(الجماهیر)ی عێراقی، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاوهەڵویستی کوتلەی (ئەفرۆئاسیاوی) لەگەڵ حکومەتی عێراق (الجماهیر، 27 تموز1963، ص1).

بەڵام ڕووی ڕاستی ڕووداوەکە بە شێوەیەکی دیکە بوو. بەڵکو بەپێی ئەم زانیارییانەی لەبەڵگەنامەیەکی حکومەتی ئوسترالیادا هاتووە، بەهۆی دروستکردنی گەلەکۆمەکی وڵاتانی عەرەبی و ئەفرۆئاسیاوی لە (٤ی تەممووزی١٩٦٣) بەهەوڵی نێردەی حکومەتی عێراق لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان، حکومەتی مەنگۆلیا داوایەکەی خۆی کشاندۆتەوە (NAA:A1838, Part1, Iraq- Political States- Kurds, 4 July 1963, p.219). بەم جۆرە حکومەتی عێراقی توانی شکست بەو هەوڵە بێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکەی مەنگۆلیا، سەرکەوتنێکی مەعنەوی گەورەبوو بۆ کورد (Le Monde(News Paper), 3Octobre1963, p.1)

هەوڵە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی لە بارەگای کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان خرانەگەڕ بۆ خستنەڕووی دۆزی کورد لەبەردەم کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی، تەنها مەنگۆلیای نەگرتەوە، بەڵکو حکومەتی سۆڤیەت دوای ئەوەی هەواڵی ڕێکخستنی هاوپەیمانەتییەکی سەربازی هەرێمی لە نێوان (عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا) پێگەیشت لە دژی کورد، لە (٩ی تەممووزی١٩٦٣) دەستیکرد بە کردە سیاسییەکانی بۆ دروستکردنی فشار لەسەر حکومەتی عێراق و هاوپەیمانەکانی، بەو هۆیەوە هەر لەم ڕۆژەدا وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت، چەند یاداشتێکی نارەزایی دایە باڵیۆزەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا لە مۆسکۆ، (ПРАВДА, 10 июля 1963, c.2). ئەو کات وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، چیتر بێ دەنگ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نابن لەبەرامبەر ڕووداوەکان، لەبەرئەوەی ئەم دۆخە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە ئاسایشی سۆڤیەت دەکات.(Le Monde (News Paper), 10 juillet 1963, p.1)

زیاتر لەمەش، پەیامنێری ڕۆژنامەی(براڤدا)ی سوڤیەتی لە نیویۆرک، لە ڕۆژی دواتر، هەواڵێکی بەناونیشانی (نامەیەک بۆ ئەنجومەنی ئاسایش) بڵاوکردەوە، تێیدا هات (ن.ت. فیدورینکۆFedorenko) نوێنەری هەمیشەیی یەکێتی کۆمارەکانی ئیشتراکی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمرۆ نامەیەکی بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش (ئەحمەد بن هیما)ی مەغریبی ناردووە، تێیدا سەرنجی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش ڕادەکێشێ، بۆ ئەم بارودۆخە مەترسیدارەی پەیوەندی هەیە بە ڕووداوەکانی (ڕۆژهەڵاتی ناوەراست) لە باکووری عێراق و دەستێوەردانی چەند دەوڵەتێک لە پرسەکە لە دژی گەلی کورد. لەم یاداشتەدا یەکێتی سۆڤیەت داوایکرد مافی ئەوەی هەبێ کێشەی کوردی عێراق، بخاتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش (ПРАВДА, 10 июля 1963, с.2).

لەلایەکی دیکە لە جنێف، (یوریسوف) سەرۆکی شاندی سۆڤیەت لە خولی(٣٦)ی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، داوایکرد سیاسەتی کۆمەڵکوژی ڕەگەزی، کە حکومەتی عێراق لە بەرامبەر گەلی کورد پیادەی دەکات، بخرێتە بەرنامەی کاری خولی داهاتووی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان(وانلي، ٢٠١٢، ص٤٣٠).

شاندەکەی سۆڤیەت لەم یاداشتەدا ڕایگەیاند، پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە ئەم دۆزە لێرەدا پەیوەندی بە کاروباری ناوەخۆیی عێراق نییە، بەڵکو کێشەیەکی نێودەوڵەتییە لەژێر ڕەفتاری ئامرازە نێودەوڵەتییە تایبەتیەکاندایە. لەسەر ئەم بنەمایە داوای لەئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کرد، کاربکات بۆ لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردن لەسەر پرسی کۆمەڵکوژی لەدژی دانیشتوانە کوردەکانی عێراق ئەنجام ئەدرێ، هاوکات شاندی یەکێتی سۆڤیەت ڕایگەیاند، کە پرۆژە بڕیارێک دەخاتە بەردەم ئەنجومەن سەبارەت بەم بابەتە. لەبەشێکی پرۆژەکەی سۆڤیەت هاتبوو:" ئێمە پرۆسە سەربازییەکانی، کە حکومەتی عێراق لە دژی کوردەکان پیادەی دەکات، بە پێشێلکردنی ڕێککەوتنی نەتەوە یەکگرتوەکانی ساڵی (١٩٤٨) دەزانین...بۆیە داوا لە حکومەتی عێراق دەکەین دەست بەجێ سنوورێک بۆ هەموو پرۆسە سەربازییەکانی لەدژی کورد دابنێ. بەڵام داواکارییەکەی یەکیتی سوڤیەت لە (١١ی تەمووزی ١٩٦٣) ڕەتکردایەوە، بەبێ ڕاگەیاندنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵوێستێکی دیاریکراو. لەبەرئەوەی لە نێوان (١٨) ئەندامی ئەنجومەنەکە، (١٣) وڵات دژی داواکاریەکە دەنگیاندا. تەنها سۆڤیەت و چیکۆسلۆفاکیا نەبێ کە دەنگیان بە بەڵێ دا و (٣) وڵاتیش بێ لایەنیان هەڵبژارد، کە (ئەسیوبیا و سەنیگال و یوگوسلافیا) بوون (وانلي ،٢٠١٢، ص٤٣٢).

سەرەڕای سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کەچی کامەران بەدرخان لە دیدارێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی لە (٣٠ی ئابی١٩٦٣)، گەشبینی خۆی لەسەر داهاتووی پرسی کورد نیشاندا و ڕایگەیاند کە :"ملمڵانێیەکە لە کوردستان ئێستا تا ڕادەیەک بۆتە پرسێکی نێودەوڵەتی. لەبەرئەوەی ڕای گشتی جیهانی کاریگەرە بە تاوانی کۆمەڵکوژی کە لەدژی گەلەکەماندا ئەنجام دراوە...ئەمەش وەچەرخانێکی گەورەیە لە هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر پرسی کورد (Le Monde (News Paper), 10 juillet 1963).

وەک لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی ئوسترالیادا هاتووە، بەدرخان لە (١٤ی تشرینی یەکەمی١٩٦٣) یاداشتێکی دیکەی گەیاندە نێردەی دیبلۆماسی حکومەتی ئوسترالیا لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان. لەو نامەیەدا بەدرخان بەناوی ڕێبەری گەلی کورد (مستەفا بارزانی)، سەرباری خستنەڕووی دەیان خاڵی گرنگی پەیوەندیدار بە دۆزی کورد، داوایکرد پشتگیری لە دۆزی کورد بکەن و لە بەشێکی ئەم نامەیەدا دەڵێت:" دۆزی کورد خراوەتە بەردەم کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لێژنەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، هەروەها بابەتی گۆڕینەوەی زانیاری لەنێوان حکومەتەکان ئەنجام دراوە. ئەو بابەتە تەنها لە تایبەتمەندی حکومەتی عێراق نەماوەتەوە، بەڵکو ڕەهەندێکی نێو دەوڵەتی وەرگرتووە" (NAA: A1838, Part1, Iraq- Political States- Kurds, 4 July 1963, p.261). بەڵام داوایەکەی بەدرخان هیچ وەڵامێکی ئەرێنی لەم حکومەتە وەرنەگرتەوە.

پەیوەندی مستەفا بارزانی بە نێوەندە سیاسییە جیهانییەکان لە ڕێگای نوێنەرانی شۆڕش لە ڕۆژئاوای ئەوروپا و ئەمریکا، بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە(٤ی تشرینی یەکەمی١٩٦٤)، گۆڕانکاری ئەرێنی بەخۆیەوە بینی(محمد،٢٠٢١،ل ٥٩). بەتایبەتی دوای ئەوەی بارزانی لە (٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤) بڕیاریدا لەسەر پێکهێنانی نوێنەرایەتی شۆڕش

لە دەرەوە. بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دیبلۆماسی بەشێوەیەکی ڕێکخراو. کە ئەرکەکەی بریتی بوو لە ڕوونکردنەوەی کاروانی شۆڕش بۆ ڕای گشتی جیهانی و نیشاندانی دۆخی ڕاستەقینەی خەڵکی باشووری کوردستان لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی لەسەر پرۆسە سەربازییەکان و ئەنجامدانی کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی، بۆ خستنەڕوو، هەروەها دەربڕینی سیاسەتی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، لەهەموو پایتەختەکانی وڵاتانی جیهان و ئاسانکردن و ڕێگا خۆشکردن بۆ سەردانیکردنی ڕۆژنامەنووسان بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێرانی باشووری کوردستان. سەرباری گەڕان بەدوای بەدەستهێنانی هاوکاری و یارمەتی بۆ شۆڕش و دەستەبەرکردنی کۆمەکیی خێرا بۆ دانیشتوانی سڤیل لەم ناوچانە، لە ڕێگای ڕێکخراوی خاچی سوور و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان. هاوکات لە ئەرکی ئەوان بوو ئەگەر بوار برەخسێ، کاربکەن بۆ ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەکادیمی لە زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان. وێڕای پێشکەشکردنی یاداشت و نامەکانی مەلا مستەفای بارزانی بە حکومەتە پەیوەندیدارەکان بە دۆزی کورد و مسۆگەر کردنی هەندێ لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی شۆڕشی کورد بە زمانە بیانییەکان و تێگەیاندنی هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە دۆخی کوردستان و کارکردن بۆ ئەوەی کێشەی کورد بچێتە ناو بەرنامەی کاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئەنجوومەنی ئاسایش(ش. ز. محمد، ٢٠١٥، ص٤٧).

بۆ ئەم مەبەستە، مستەفای بارزانی هەر لە ڕۆژی (٢٥ی تشرینی یەکەمی١٩٦٤) عیسمت شەریف وانلی وەک نوێنەری شۆڕش لە دەرەوەی وڵات دەستنیشان کرد. لە پێناو ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی سیاسی و ڕاگەیاندنی ئامانجەکانی شۆڕش بۆ دۆستەکانی کورد لە دەرەوە و کارکردن بۆ بەدیهێنانیان. وەک لە نووسراوێکی بارزانیدا هاتووە سەبارەت بەم بابەتە. لەم نووسراوەدا ڕێبەری کورد ڕێگای داوە بە وانلی وەک قسەکەر بەناوی شۆڕش کاربکات و پەیوەندی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدا دروست بکات.(NAA: A1838, PART2, Iraq- Political States-Kurds, p.330).

دوای دەرچوونی ئەم فەرمانە، وانلی ڕاستەوخۆ دەستی بەچالاکییە دیبلۆماسییەکانی کرد، وەک ڕۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕاپۆرتێکیدا بەناونیشانی (چالاکی نێردەی کوردی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاماژەی پێکردووە، لە (١٥ی نیسانی١٩٦٥) شاندی کوردی بۆ خستنەڕووی دۆزی کورد لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەدەستهێنانی پشتگیری ڕای گشتی ئەمریکی و پشتیوانیکردنی شۆڕشی کوردستان و سەرکۆنەکردنی شەڕی حکومەتی عێراق بەرامبەر گەلی کورد، گەیشتنە نیویۆرک. شاندەکە بە سەرۆکایەتی (عیسمەت شەریف وانلی) نوێنەری شۆڕش لە دەرەوە و هەروەها (سەعدی دزەیی) ئەندامی لیژنەی بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد پێکهاتبوو. دوای بیست و چوار کاتژمێر لەگەیشتنیان، یەکێک لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئەمریکا، دیدارێکی لەگەڵ سەرۆکی شاندەکە ئەنجامدا. ناوبراو لەم دیدارە ڕۆژنامەوانییەدا باسی بارودۆخی خەڵکی باشووری کوردستانی بەهۆی شۆڕشەوە بۆ گەلی ئەمریکا کرد. پاشان نوێنەرەکەی بارزانی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی بۆ ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا و پەیامنێرانی ئاژانسەکانی هەواڵی جیهانی ئەنجامدا. دواتر لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوی (کیر- Care)ی ئەمریکی کۆبوویەوە و باسی لەم ڕێکارانە کرد، کە حکومەتی عێراق لە بەرامبەر گەلی کورد پیادەی کردووە، لە دوای گەیشتنی کۆمەکی و یارمەتییە مرۆییەکانی ڕێکخراوی (کیر) بۆ عێراق، بەئامانجی دابەشکردنی بەسەر ئەو خەڵکانەی بەهۆی شەڕی پێشمەرگە و سوپای عێراقی لەسەر ماڵ و موڵکی خۆیان دوورکەوتبوونەوە و ڕوویانکردبووە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێرانی کورد. (خبات،حزیران١٩٦٥، ص٢).

دیارە پێشتر عیسمەت شەریف وانلی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لە بەیروتی پایەتختی لوبنان، ئەوەی ڕاگەیاندبوو، کە ئەرکەکەی لەو گەشتەدا، بریتییە لە گەیاندنی نامەیەکی مەلا مستەفای بارزانی بۆ یوسانت(١٩٦١-١٩٧١)ی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوە سەرباری ئەوەی هەر لەلایەن مستەفا بارزانی فەرمانی پێکرابوو ڕۆڵ ببینێ لە خستنەڕووی چیرۆکی تەواوی دۆخەکەیان لەبەرامبەر ئەندامانی هەمیشەیی ئەم ڕێکخراوە، (קול העם(עיתון)، באפריל 1965, עמ' 2).

لەم گەشتەدا وانلی لەگەڵ هەردوو نوێنەری ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا (ریتشارد ل. ڕیدل) و (فارستن) کۆبوویەوە و چەند نامەیەکی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی، گەیاندە دەستی بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پیران و نوێنەران و فەرمانڕەوای ویلایەتەکانی ئەمریکا. لە دیدارەکانیدا و هەروەها لەم نامانەی ڕادەستی لێپسراوانی ئەم وڵاتەی کرد، وانلی باسی لەم

چەوسانەوە کرد، کە ڕووبەڕووی گەلی کورد ببویەوە لەسەر دەستی فەرمانڕواکانی بەغدا. زیاتر لەمە داوایکرد پشتیوانی شۆڕشی کورد بکەن و دەسەڵاتەکانیان بەکاربهێنن بۆ ڕاگرتنی فرۆشتنی چەک بە حکومەتی عێراق، تا دەگەنە چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ دۆزی کورد. وێڕای ئەوەی نامەیەکی تایبەتی بۆ پۆستەی فریاگوزاری کاسۆلیکی و خاچی سووری ئەمریکی نارد و داوای یارمەتی و کۆمەکی لێکردن بۆ خەڵکی کوردستان. زیاتر لەمە نوێنەرانی شۆڕشی کوردی لەئەمریکا، چەندین وتار و سمینار و کۆبوونەوەیان لە یانە و زانکۆکانی ئەمریکا بە ئامادەبوونی قوتابی و مامۆستا و ژمارەیەک لە پسپۆران بە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەش کرد. هاوکات وانلی ئەوەی ڕاگەیاند، کە ئارەزوو دەکات نووسینگەی شۆڕشی کوردی لە نیویۆرک یان واشنتن دابمەزرێنن (خبات،حزيران١٩٦٥، ص٢).

چاڵاکی شاندەکەی بە نوێنەرایەتی مەلا مستەفای بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە ئەمریکا بوون، تەنها نێوەندە سیاسی و جەماوەرییەکانی نەگرتەوە، بەڵکو دامەزراوەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بوارێک بوون بۆ چاڵاکیەکانیان. لەو سەردانەدا نوێنەرانی بارزانی مەبەستیان بوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە داخوازییەکانی کورد ئاشنا بکەن، وەک داخوازییەکانی تایبەت بوون بە مافی کورد لە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراق و بەخشینی بەشێک لە دیموکراتییەت و پشکی کورد لە داهاتی نەوت و بڕیاردان لەسەر مافی چارەی خۆنووسین، لە ئەگەری ئەوەی عێراق وەک دەوڵەتێک بچێتە ناو قەوارەیەکی یەکگرتووی عەرەبی (קול העם(עיתון)، 20באפריל 1965، עמ' 2).

هەر لەو چوارچێوەیەدا نوێنەرانی شۆڕشی کورد نامەیەکی دیکەی مەلا مستەفا بارزانییان ئاڕاستەی سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ کرد و تیایدا ئەوەیان ڕوونکردەوە، کە ئەوەی حکومەتی عێراق ڕۆژانە لە کوردستان ئەنجامی ئەدات، دوورە لە سادەترین مافەکانی مرۆڤ، تەنانەت مانەوەی تاکی کورد لەژێر هەڕەشەدایە لەهەر ناوچەیەک، کە دەسەڵاتی حکومەت بیگاتێ، بەهۆی جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان بەبێ دادگاییکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی کۆمەڵکوژی. وێڕای بۆردومانکردنی گوند و شارۆچکەکان و کوشتنی دانیشتوانی سقیل. هەر لە چوارچێوەی ئەم چاڵاکییانەدا، وانلی وتارێکی پێشکەشی سەرۆکی لێژنەی لەناوبردنی ئیستعمار کرد و ڕوونیکردەوە، کە ئەو شەڕەی لە دژی کورد لە عێراق بەرپاکراوە، سیمایەکی ئیستعماری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆلۆنیالی هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە شاندە کوردییەکە داوایان لە هەردوو ڕێکخراو کرد، دۆزی کورد بخەنە کارنامەی خۆیان. لەلایەکی دیکە بەهەمان مەبەست، وانلی نامەیەکی ئاراستەی سندوقی یارمەتی نێودەوڵەتی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، بەم شێوەیە نوێنەرەکەی بارزانی لە ئەمریکا داوای هاوکاری و کۆمەکی لەهەر دامەزراوەیەک دەکرد دەستی پێبگەیشتبایە ، بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ئاوارە و بێ شوێن و جێگاکانی لەزێدی خۆیان دوورکەوتبوونەوە و هاتبوونە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد (خبات، حزیران١٩٦٥، ص٢).

لەلایەکی دیکە نوێنەرانی شۆڕشی کورد، لە تەمموزی ١٩٦٥ نامەیەکی دیکەی مستەفا بارزانییان بەسەر نێردەی هەمیشەیی بەشێک لە وڵاتانی ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان دابەشکرد، بەتایبەتی ئەم وڵاتانەی چەکیان بە حکومەتی عێراق دەفرۆشت، بەئامانجی هەڵوەشاندنەوەی ئەم گرێبەستانە و خستنەڕووی دۆزی کورد. لەم سۆنگەوە لە (٢٧ ی تەمموزی ١٩٦٥) نامەیەکیان بۆ باڵیۆز و ڕێپێدراوی نێردەی ئوستڕالیا (دی. ئۆ. های D.O.Hi) لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان نارد، کە لەبەشێکی نامەکەدا هاتبوو:" لەسەرەتای ئاداری ١٩٦٥، حکومەتی عێراق دەستیکردووە بەشەڕ لە دژمان و زۆرینەی سوپای عێراقی لە کوردستان کۆکردۆتەوە و شار و لادێیەکانمان بە تۆپی ناپاڵم و بۆردومانی فڕۆکەکانی وێرانکردووە، مردن و وێرانکاری خوڵقاندووە لەم وڵاتە جوانەماندا. زانیاریمان پێگەیشتوە، کە حکومەتی عێراق ڕێژەیەکی زۆری گازی ژەهراوی ئامادەکردوە بەکاربهێنێ لە دژی دانیشتوانی سڤیل بەئامانجی ترساندنیان، لەکاتێکدا ئەم چەکە لە گەڵالەنامەی (جنیف) و یاسا نێودەوڵەتییەکان قەدەغەکراوە... لەسەر ئەم بنەمایە داوا لەبەرێزتان دەکەین، لەگەڵ گەلی کوردی زوڵملێکراو بوەستن و ڕێبگرن لە فرۆشتنی چەک لەم بارودۆخە بە حکومەتی عێراق و هەژمونی فراوان و هەوڵەکانتان بەکاربێنن بۆ هەڵگرتنی زوڵم لەسەر گەلەکەمان." (NAA: A1838, Part 2, Iraq- Political States- Kurds, 4th August 1965, p.76)

یاساکانی لەم دامەزراوەیە و ڕێکخراوەکانی سەر بەو دامەزراوەیە بوون، پارێزگارییان لە گەڵالەنامەی مافی مرۆڤی جیهانی نەدەکرد لەم بەشەی دونیا، بەو هۆیەوە، جارێکی دیکە کامەران بەدرخان بەناوی مەلا مستەفا بارزانی سکرتێری کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و

وڵاتانی زلهێز لەوە ئاگادار کردەوە، کە کوردستان بەهۆی خەباتی شۆڕشگێرانەی خەڵکەکەی بەشێکی فراوانی خاکەکەی ئازادکراوە و لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدایە. وەک لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی بریتانیا هاتووە، بەدرخان لە ڕۆژی(١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦)ی ئەو ساڵەدا نامەیەکی ئاڕاستەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە لە نیویۆرک. لەو نامەیەدا بەدرخان باس لەوە دەکات کە:" زیاتر لە نیوەی خاکی کورد (ناوچەیەک بەنزیکەی ڕووبەرەکەی ٨٠ هەزار کیلۆمەترە) لەژێر کۆنترۆلی تەواوی کوردایە و لەساڵی ١٩٦١ ەوە ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی دیفاکتۆیان تێدا دامەزراندووە. بۆیە ئەم ناوچەیە لەژێر سەرەوەریی کوردایە و هیچ کەسێک تەنانەت وەزیرەکانی حکومەتی عێراق ناتوانن بەبێ ڕێگاپێدانی دەسەڵاتدارانی کورد سەردانی بکەن. ئەم بارودۆخە تا ئێستا پێنج ساڵی خایاندووە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانەدا، هەر کابینەیەکی حکومەتی عێراقی کە بڵێت پرسی کورد بابەتێکی ناوخۆییە، ئەوا مەبەستی چەواشەکردنە. ئەم ڕاستییانە دەیسەلمێنن، حکومەتی عێراق نەیتوانیوە ئیرادەی گەلی کورد تێکبشکێنێت بۆ بەدەستهێنانی مافە شەرعییەکانیان لە ئۆتۆنۆمییەکی ڕەهادا، هەموو ئەو کارەی حکومەتەکان کردویانە ئەوە بووە، کە بەگورز وەشاندنە ئاسمانییە بێهەڵاوێرکردنەکانیان، ناڕەحەتیی و وێرانکاریی بۆ خەڵکانی سیڤیل بەدی بهێنن ... ئێمەی کورد نەتەوەیەکین حەزمان بە ئاشتییە و تۆی بەرێزیش پیاوێکیت لە بەرزترین ئاستی دەسەڵات و بەرپرسیارەتیدایت، بەرامبەر بە پاراستنی دادپەروەریی و ئاشتی لەسەرانسەری جیهان. بۆیە بە ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و سەرکردەکەی کە ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانییە، داوا لەبەرێزتان دەکەم، لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ناوبژیوانێک دەستنیشان بکەیت وەک چۆن بەشێوەیەکی حەکیمانە سەبارەت بە بابەتگەلی هاوشێوە ئەنجامتان داوە، بۆ ئەوەی بێت و پرسی کورد بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و ئاشتیانە چارەسەر بکات"(عەلی، ٢٠٢١، ل٧٥).

ئەم هەوڵانەی نوێنەرانی شۆڕش لە دەرەوەی کوردستان و لە وڵاتە ئەورووپاییەکان ئەنجامیان ئەدا بۆ گواستنەوەی دۆخ و دۆزی کورد بۆ نێوەندە سیاسییەکانی خاوەن بڕیار و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەنووس و تەنانەت ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان ، ناوە ناوە سەردانی کوردستان بکەن. ئەمەش تا ڕاددەیەک ئەگەر هیچ ئەنجامێکی ئەرێنشی لێنەکەوتەوە، بەڵام هاریکاربوو بۆ کەمکردنەوەی فشار و

هێرشەکانی سوپای عێراق لەسەر کوردستان. بۆ نمونە لەدوای ئەوەی شەڕ لە ئاداری ١٩٧٤ لە نێوان حکومەتی عێراق و هێزی پیشمەرگە دەستی پێکردەوە، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستان ئاوارەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بوون. ئەو کاتە ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەردانی باشووری کوردستانیان کرد و چوونە ناو پەناهەندەکان. وەک ئەو سەردانەی شاندێکی یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ بۆ شارۆچکەی(چۆمان) ئەنجامیاندا، کە پێکهاتبوون لە نووسەرێک بەناوی(دومونیک ئیودی) لەگەڵ دوو پارێزەری فەرەنسی، بەناوەکانی(باتریک بادوین) و (تیری مایکنون)، لەماوەی نێوان (٣١ی تشرینی یەکەم بۆ ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤). لەم ڕاپۆرتەی شاندەکە ئامادەیان کرد، باسیان لەوە کرد کە (٢٥) هەزار پەنابەری کورد لەسەر سنووری ئێران گیرساونەتەوە، سادەترین پێداویستی ژیانیان نییە. پێش ئەمانیش شاندێکی دیکەی ڕێکخراوی (دەرمانی بێ سنوور) سەردانی ئەم شارۆچکەیان کرد و لەماوەی نێوان (١٣ی ئەیلول تا ٢ی تشرینی یەکەم)، ناوچەکانی (درکالە و راناکە)یان بەسەرکردەوە، کە پێکهاتبوون لە (جاک دینیە) و (برنارد کوجر) و (ماکس ریکامیر). لەم سەردانەدا ئەم شاندە ڕاپۆرتێکیان پیشکەش کرد، کە تیایدا باسیان لەوە کرد، ئاوارە کوردەکانی لەسەر سنووری ئێران بوون، هیچ پێداویستییەکی تەندروستیان نییە، بێ خانوو و جێگان. بەو هۆیەوە ڕووبەڕووی چەندین نەخۆشی بوونەتەوە وەک هەناسە تەنگی و سەرمابوون و نەخۆشی دیکە. بەگوێرەی ئاماری ئەم ڕێکخراوە لەو کاتەی لە پایزی ١٩٧٤ ژمارەی پەناهەندە کوردەکان (١٤٥) هەزار کەس بوو، بەر لە کۆتاییهاتنی شەڕ ژمارەکەیان گەیشتە(٣٠٠) هەزار. ئەم دۆخەش پێویستی دەکرد مستەفا بارزانی جیهانی لێ ئاگادار بکاتەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی (جالیاند، ٢٠١٢،ص257).

بەم شێوەیە دەبینین ئەم هەوڵانەی هەبوون لەلایەن نوێنەرانی بارزانی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەتەنها نەبوون، بەڵکو مستەفا بارزانی لەلای خۆیەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لە ڕێگای پەیام و نامەی سیاسی ئەم دامەزراوانەی بە داخوازییەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان ئاگادار کردۆتەوە، هەوڵەکانی لەم بارەیەوە لە خوارەوە بە پوختی دەخەینەڕوو.

3. پەیوەندی ڕاستەوخۆی مستەفا بارزانی بە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان:

مستەفا بارزانی لەپێناو خستنەڕووی دۆزی کورد لەبەردەم ڕای گشتی جیهانیدا، هەوڵیداوە بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان دوور بخاتەوە لەبەریەککەوتن لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی هەرێمی، بەتایبەتی تورکیا و ئێران. دوای ئەوەی داخوازییەکانی لە فۆرمی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا چڕکردەوە (زیدان ،٢٠١٦، ص٦٦٤). بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە بارزانی هەرگیز هەڵوێستی بەرامبەر مافی نەتەوەیی گەلەکەی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان نەنواندبێ. بە پێچەوانەوە، لەیەکەم بانگەوازی بۆ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (ای تشرینی یەکەمی١٩٦٠) بەر لە هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان، نارەزایی خۆی سەبارەت بە جیاکاری نەتەوەیی لە دژی گەلی کورد لە وڵاتانی تورکیا و ئێران دەربڕی و باسی لە بێبەشبوونی گەلەکەی کرد لە سادەترین مافە نەتەوەیی و مرۆییەکان و داوای دەستێوەردانی ڕێکخراوەکەی کرد بۆ ڕاگرتنی ئەو سەرپێچییانە. لە وەڵامی ئەم یاداشتە، فەرمانبەری باڵا لە بەشی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە(١٢ی تشرینی یەکەمی١٩٦٠) بۆ مستەفا بارزانی نووسی"پێم ڕاگەیەنرا وەڵامتان بدەمەوە بەوەی بروسکەتان لە ڕۆژی(٢ی تشرینی یەکەمی١٩٦٠) بەدەستمان گەیشت و هەواڵتان بدەمێ، کە بەپێی بڕیاری ژمارە(٧٢٨)، ئەنجومەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری داوایەکەتان چارەسەرکراوە. بڕیارەکەش هاوپێچ دەکەین بۆ سەیرکردنی بڕگەکانی پەیوەندیان پێیەوە هەیە"(صوت الاكراد، 12تشرين الاول1960،ص١). دواتر دەرکەوت ئەم وەڵامە تەنها قسەی بێ کردار بوو، لەبەرئەوەی هیچی لەبارودۆخی کوردەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان نەگۆڕی. بەڵکو فەرامۆشکردنی سکاڵای ڕێبەری کورد لە چەوساندنەوەی گەلەکەی، لەئەنجامی بێ دەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەردەوامی هەبوو، ئەم دۆخەش بەڕادەیەکی زیاتر لە باشووری کوردستان هاوشێوە بوو، بەو هۆیەوە لە ئەیلولی١٩٦١ شۆڕشێکی دیکەی کورد هەڵگیرسا (اليوسفي ،٢٠٠٣، ص١٢).

حکومەتی عێراقی هەموو توانا سەربازییەکانی بۆ سەرکوتکردنی ئەم شۆڕشە بەکارهێنا و لەم ڕێکارە سەربازییانەی گرتییە بەر، یاسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێلکرد و کۆمەڵکوژی گەورەی لە نێو خەڵکی سڤیل ئەنجامدا، بەهۆی بەکارهێنانی چەکی قورس لە شێوەی فڕۆکە و تانک و تۆپ. ئەمەش هاندەر بوو بۆ مستەفا بارزانی لەچوارچێوەی خەباتی سیاسی و چەکداریدا،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەردەوامی بدات بە ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و خستنەڕووی داخوازی شۆڕشگێرانی کورد لەبەردەم ڕای گشتی جیهانی. لەم سۆنگەوە لە سەرەتای هاوینی ١٩٦٢، ڕاگەیەنراوێکی ئاراستەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لیژنەی مافی مرۆڤ و خاچی سووری نێودەوڵەتی کرد و لە دەقی ڕاگەیەنراوەکەی، کە لە ڕێگەی نوێنەرانی شۆڕش لە ئەورووپا، پێشکەشی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی کرد، هاتووە:" من وەک ڕۆڵەی گەلی کورد و هاوڵاتییەکی دڵسۆزی عێراق و بەناوی تەواوی شۆڕشگێران ڕووتان تێدەکەم، دەمەوێ بێن و ئەو کارە نامرۆڤانەی لە دژی گەلەکەمان لە عێراق ئەنجام ئەدرێ ببینن، بەڵکو سەیر بکەن ئەوان چۆن سەدان خەڵک دەکوژن و هەزاران ماڵ وێران دەکەن، وە چۆن گوندەکان و بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان بە بۆمبی ناپاڵم لەناو دەبەن" (کوماروف ،٢٠٠٥، ص٦٦).

بەردەوام بوونی شەڕ لە باشووری کوردستان و بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە جینۆسایدکردنی گەلی کورد، مستەفا بارزانی لەم ئامانج و کۆششە سیاسییانەی بۆ گواستنەوەی وێنای دۆخەکە بۆ ڕای گشتی جیهانی ئەنجامی ئەدا سارد نەکردوە، بەڵکو لە کانونی یەکەمی ١٩٦٤ نامەیەکی بۆ (یوسانت)ی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک نارد و تێیدا نووسی:"کاتێک گەلەکەمان لە کوردستانی عێراق لە (١١ی ئەیلولی١٩٦١) چەکی هەڵگرت، ئەمە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو دەستدرێژییە بوو، کە دیکتاتۆری پێشووتری عێراق عەبدولکەریم قاسم بە ئاسن و ئاگر ئەنجامیدا، تەنها بەهۆی ئەوەی گەلەکەمان داواکاری ئاشتیانەی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی کرد... داواتان لێ دەکەین پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی لەبەندی (٩٩) لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێتان دراوە، داوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش بکەن، بۆ جێبەجێکردنی ڕێکاری پێویست بۆ ڕاگرتنی ئەو دەستدرێژییە و چارەسەرکردنی ئەو پرسە نیشتمانییە لە کوردستانی عێراق و مسۆگەرکردنی چارەسەرکردنی دادپەروەرانەی نێودەوڵەتی (NAA.A1838, Part-2, Iraq- Political States- Kurds, p.151). ئەم داواکارییانە هەرچەند ڕەوا بوون، بەڵام بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی بەهێزی سیاسی، لاواز و بێ کاریگەر دەرکەوتن، لەئەنجامیشدا هیچ وەڵامێکی ئەرێنییان بەدەست نەهێنا. بەو هۆیە بارزانی هەوڵیدا زیاتر لەجارانی پێشوو، کار بۆ ناساندنی دۆزی گەلەکەی بکات بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە ڕێگای

شاندکردنی نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان. وەک لە هەواڵێکی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکیدا هاتووە، مستەفا بارزانی لەسەرەتای (٧ی کانونی دووەمی١٩٦٥)، لە ڕێگەی نوێنەرەکانی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا، نامەیەکی دیکەی بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (یوسانت) ڕەوانەکرد، لەم نامەیەدا بارزانی داوایکرد نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتە زلهێزەکان، ڕۆڵ ببینن لە ڕێگریکردن لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستانی عێراق و هاوکاربن بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد بەشێوەیەکی ئاشتییانە و دادپەروەرانە (خبات، حزیران١٩٦٥، ص٢).

وەڵام نەدانەوەی داخوازییەکانی ڕێبەری کورد لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەدەنگەوە نەهاتنی لەلایەن وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکە بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن بڕیار و پێگەی سیاسی بەهێز بوون لە جیهاندا، کاریگەریی لەسەر هەڵویستی مەلا مستەفا بارزانی دروستکرد، بۆ ئەوەی بەردەوامی بە فشارە سیاسییەکانی بدات لەسەر کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی، هەربۆیە لە کانونی دووەمی١٩٦٦ نامەیەکی دیکەی بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەوانەکرد، کە دەقەکەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارێکی ئێرانی وەک خۆی بڵاوکراونەتەوە، لەم نامەیەدا بارزانی نووسیویەتی:" زیاتر لە چوار ساڵە وڵاتەکەمان کوردستانی عێراق، ڕووبەڕووی جەنگێکی خەتەرناکی نەژادی بۆتەوە لەلایەن حکومەتی دیکتاتۆری عێراق. ئەو شەڕە لە جەنگی یەکەمی جیهانی درێژتر بووە و کەمێک لە جەنگی دووەمی جیهانی کەمتر بووە. چەکی ترسناک و وێرانکەری وەک فڕۆکە و تانک و تۆپ لەدژی خەڵکی سڤیلی کوردستان تێدا بەکاردێ".(خاک و خون، ١٩٦٦/١/٣٠، ص٤). بەڵام ئەم هەوڵەی بارزانی هاوشێوەی هەوڵەکانی دیکەی پێشوتریان بێ ئاکام بوو، بەهۆی بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە پرسی کورد.

خۆ بەدوورگرتنی نێوەندە سیاسییە کاریگەرەکانی جیهان بەرامبەر پرسی کورد، دەستی حکومەتی عێراقی والاکرد بۆ گرتنەبەری ڕێکاری توندتر بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد. بەو هۆیەوە حزبی بەعس دوای ئەوەی لە (١٧-٣٠ تەمموزی ١٩٦٨) هاتە سەر دەسەڵات، بەهێزتر لەوانەی پێش خۆی، دەستی بۆ بەکارهێنانی ڕێکاری سەربازی کاریگەر برد بۆ لەناوبردنی شۆڕشگێرانی باشووری کوردستان. لەم سۆنگەوە لە (١٨ی ئابی ١٩٦٩) لەناوچەکانی کوردستان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەگشتی و لە گوندی (داکا) لە قەزای شێخان لە لیوای موسڵ حکومەتی عێراق کۆمەڵکوژییەکی گەورەی لەبەرامبەر خەڵکی سڤیلی ئەم ناوچەیە ئەنجامدا،(١١ایلول، ایلول 1969، ص32). ئەو کاتە مستەفا بارزانی لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ نامەیەکی بۆ هەریەک لە سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی خولی (٢٤)ی دەستەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵەی مافی مرۆڤ و ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لێژنەی نەهێشتنی کۆلۆنیالیزم و ڕێکخراوی زانیاری و زانست و ڕۆشنبیری سەر بە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان(یونیسکۆ)، هەروەها لێژنەی فریاگوزاری نێودەوڵەتی بۆ پەنابەران، نوێنەری وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەوانەکرد، کە (٧) پاشکۆی سەبارەت بە دۆخ و داخوازییەکانی گەلی کوردی لە خۆگرتبوو. لە پێشەکی نامەکەدا بارزانی نووسیویەتی:" بەشانازی ئەزانم، ئەم بیرخەرەوەیە پێشکەش بە جەنابتان بکەم سەبارەت بە باری پڕ لە پەژارەی کوردستانی عێراقەوە. هێشتا لە مێژووی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانا کە مەبەستی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتییە لە پەتای شەڕ، ڕووی نەداوە شەڕێک پشتگوێ بخرێ و خۆی لێ گێل بکرێ، کە هەشتساڵی ڕەبەقە درێژەی هەیە، ئەمیش شەڕی ڕەگەزایەتی فەرمانڕەواکانی عێراقە دژی گەلی کورد(پارتی دیموکراتی کوردستان(مەکتەبی سیاسی)، ١٩٦٩، ل١).

ئەم دۆخی بێدەنگییەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بەکورد بەردەوام بوو، تەنانەت لەم کاتەی پرۆسە سەربازییەکانی حکومەتی عێراق لە دژی شۆڕشی کورد لە ئاداری ١٩٧٤ دەستییان پێکردەوە، جارێکی دیکە بارزانی پەنای بردە بەر کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەری کورد لە عێراق لە ڕۆژی (٧ی حوزەیرانی١٩٧٤) حکومەتی بەغدای تۆمەتبار کرد بە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی دژی دوو ملیۆن کورد. بارزانی ئەم تۆمەتانەی لە نامەیەکدا کە ڕادەسەتی نوێنەری ئەمینداری گشتی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کورت فالدهایم Kurt Waldheim (١٩٧٢ - 1981) کرد، داوایکرد بە شێوەیەکی فەرمی هاوکاری بکەن و لەم سۆنگەوە گوتی :" ئێستاکە شەڕی کۆمەڵکوژی و سەرپێچی گەورە لەسەر مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان ئەنجام ئەدرێ. چیتر ناکرێ ئەم بابەتە وەک پرسێکی ناوخۆیی حکومەتی عێراق سەیر بکرێ. هەر لەنامەکەدا بارزانی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە عێراقییەکان (١٥) شارۆچکە و (٢٠٤) گوندیان لەناوچە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردییەکان لە ماوەی نێوان نیوەی نیسان تا کۆتایی ئایار بۆردومان کردووە. لەم بۆردومانە (١٥٣٤) کەس کوژراون و (٣٥٠٠) بریندداربوون، هەروەها (٨٠) هەزار کەس ناچاربوون لەسەر ماڵی خۆیان ڕابکەن و بچنە ناوچەکانی سنووری ئێران و تورکیا (The New York Times, June 8, 1974, p. 3.). داواکاری بارزانی بە بڕوای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەسەند و گونجاو نەبوو، بەهۆی بەرژەوەندی بەشێک لە ولاتە زلهێزەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق. لەو کاتەی لەنێوەندە جەماوەری و تەنانەت سیاسییەکاندا، بەردەوام باسیان لە مافی مرۆڤ و یەکسانی و دادپەروەری دەکرد. تا ئەو ساتەی شۆڕشی کورد بە پیلانێکی هەرێمایەتی کۆتایی پێ هات، لەگەڵیدا ئومێدی گەلی کورد لەبارچوو.

نارەحەتییەکانی مەلا مستەفای بارزانی بەرامبەر هەڵوێستی نادادپەروەرانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر پرسی کورد لە عێراقدا، ئەو کاتە زەق خۆی دەنوێنێ، کاتێک لەبەردەم ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی لە (١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦) لە وتارێکدا گوتی:" من لەبەردەم تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاڵای هەموو ولاتانی جیهان و گەلانم بینی بەرزکراوەتەوە، ئاڵای کوردستانم نەبینی، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی هەندێک لەم ولاتانەی ئەندامن، چەند سەد هەزارکەسێک تێپەڕ ناکەن. لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی کورد پترە لە (٣٠) ملیۆن کەس. سەرباری ئەوە، لەگەڵ ئەوەی مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی مافێکی سروشتییە لە مافە ڕەواکانمان، بەڵام ئێمە ئەو داوایەمان نەبووە و تەنها ئەوەی داوامانکرد ئۆتۆنۆمییەک بوو لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا. ئێستا گەلەکەمان لەژێر دەستی ڕژێمی بەعس دەناڵێنێ بەهۆی توندوتیژی ڕژێم بە لە سێدارەدان و بەندکردن و دوورخرانەوە"(محسن دزەيي، 2013، ص13٧)، بەم چەند وشەیە ، مستەفا بارزانی دوا پەیامی خۆی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیاند، کە تێیدا گوزارشتی لەوە کرد، میللەتانی بێ پشت و پەنا، ناتوانن بەسەر پەیژی بەرژەوەندی ولاتانی زلهێز بکەون و بیانبڕن، ئەگەر خواستیان بۆ ژیان چەندە سادە و سەرەتایی بێت .

4. پەیوەندی بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەگەری جیهانی

ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد، لە سەروتاری ژمارەیەکیدا نووسیویەتی:" گرنگترین سەرکەوتنی کورد لە هەڵگەڕانەوەکەیان ئەوەیە،

دۆزەکەیان بە جیهان بناسێنن"(Le Monde, 20 août 1962).بێگومان یەکێک لە ئامرازە کاریگەرەکانی ئەم سەردەمە، بۆ پێکاندنی ئەم ئامانجە، هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی بووە. بەو هۆیەوە مستەفا بارزانی لە گۆشەیەکی بچووکی جیهان کاریکرد بۆ پەیوەندیکردن بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، بۆ هاندانی پەیامنێر و ڕۆژنامەنووسانی دیارترین ڕۆژنامە و گۆڤارە جیهانییەکان، بۆ خستنەڕووی دۆزی کورد، لەبەردەم ڕای گشتی نێودەولەتی.

بارزانی سەرەتای هەوڵەکانی بە بانگهێشتکردنی چەند ڕۆژنامەنووسێکی سویسری دەستپێکرد. بەم شێوەیە یەکەم شاندی ڕۆژنامەنووسان کە پێکهاتبوون لە (ریچارد ئەندریج Richaard Anderegg) پەیامنێری ئێزگەی لۆزان لە بەیروت و چەند ڕۆژنامەیەکی سویسری و (فیرا Fera) بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی ئەلمانی لە سەرەتای (تەمموزی ١٩٦٢) گەیشتنە کوردستان. ریچارد دوای مانەوەی بۆ ماوەی (٦) هەفتە لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەڵی لەسەر گەشتەکەی بڵاوکردەوە، (فیرا)ش ڕاپۆرتێکی وێنەیی (وانلي، ٢٠١٢، ص211). دواتر ڕاپۆرتەکەی (ریچارد) لە (١٧ی ئابی١٩٦٢) لە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی، بە ناونیشانی (هەموو کوردستان دەکەوێتە دەستی هەڵگەڕاوەکان)بڵاوکرایەوە. لەم ڕاپۆرتەدا ئەم ڕۆژنامەنووسە نووسیویەتی:" زیاتر لەساڵێکە ناسیۆنالیستە کوردەکان لە عێراق، بە ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی چەکیان هەڵگرتووە لە پێناو بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، بەرگری هێزە عێراقییەکان بەدرێژایی سنووری تورکیا و ئێران تەواو داڕووخاوە، پۆلیسەکان چوونە ریزی شۆڕشگێران، لە گوندە بچووکەکان، پیاوەکان تا ئێستا جلی سەربازییان لەبەردایە، بەڵام بەئاشکرا هاوکاری کوردەکان دەکەن"(Le Monde, 17 août 1962, p.3). ئەمەش یەکەم هەنگاوی مستەفا بارزانی بوو، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بۆ گواستنەوەی وێنای بارودۆخی باشووری کوردستان، لەپێناو بەدەستهێنانی پاڵپشتی بۆ دۆزی کورد.

هاوکات نوێنەرانی بارزانی لە بەیروت جگە لەم شاندە، پەیوەندیان بەیەکێک لە ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی ئەم سەردەمە کرد، کە دانا ئادامز شمیدت(١٩١٥-١٩٩٤)ی پەیامنێری

ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی بوو. دوای قبوڵکردنی بانگهێشتننامەکەی مەلا مستەفا بارزانی، (شمیدت) لە (٤ی تەمووزی١٩٦٢) گەیشتە ناوچە ئازادکراوەکان (شمیدت، ٢٠٠٩، ل٢٥).

دوای ئەنجامدانی گەشتێکی (٥٩) ڕۆژی لە باشووری کوردستان، کە لە(١ی ئەیلولی١٩٦٢) کۆتاییهات، (شمیدت) کۆی ئەم بابەتەی لە کوردستان ئامادەی کرد، لە سێ ژمارەی یەک بەدوای یەکی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی بڵاویکردەوە. لەئەلقەی یەکەمی ڕاپۆرتەکەیدا کە بە ناونیشانی (شۆڕشگێڕە کوردەکان باوەڕیان بە سەرکەوتن هەیە)، ڕۆژنامەنووسەکە سەرباری باسکردنی مێژوو و جوگرافیای کوردستان و شۆڕشەکانی کورد، هاوکات ڕاپۆرتێکی وێنەیی شۆڕشگێرانی بڵاوکردەوە، کە لە کاتی شەڕەکانیان لەگەڵ سوپای عێراقی وێنەی گرتبوون (The New York Times, Sept. 10, 1962, pp.1,14,15)

ئەلقەی دووەمی ڕاپۆرتەکەی شمیدت، کە بەناونیشانی (هێز بەتەنها ئامرازی سەرکەوتووە بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی)، تەرخانکراوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو گفتوگۆییەی لەگەڵ ڕێبەری کورد مەلا مستەفا بارزانی لە (٢٥ی ئابی١٩٦٢) ئەنجامیدا بوو. لە دەستپێکی ئەم بابەتەدا ئەم پەیامنێرە نووسیویەتی:" ژەنەراڵ مەلا مستەفا بارزانی، ڕێبەری گەلێکی جەنگاوەرە، بەڵکو بارزانی ئەم عەقلەیە، کە لەپشت هەڵگەڕانەوەی ئەو کوردانەیە، بەدوای بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیین لە عێراقدا"(The New York Times, Sept. 11, 1962, pp.1,14)

لە دوا ئەلقەی ڕاپۆرتەکەیدا کە ئەلقەی سییەم بوو، بەناونیشانی (ژەنەراڵی کوردی شۆڕشگێر، پێشەوایەتی هێزێکی ئامادە بۆ شەڕی پارتیزانی دەکات)، ڕۆژنامەنووسەکە باس لە ڕۆڵی مستەفا بارزانی لە ڕێبەرایەتیکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لێهاتووی ئەم سەرکردەیە دەکات، لە پیادەکردنی شێوازی شەڕی پارتیزانی لەبەرامبەر سوپای عێراقیدا (The New York Times, Sept. 12, 1962, pp.1,18)

بەم شێوەیە وێنای ڕاستەقینەی شۆڕشگێرانی کورد و هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕش و داواکارییەکانی گەلی کورد لەسەر زاری مەلا مستەفای بارزانی و تێروانینەکانی بۆ شێوازی حوکمڕانی گونجاو لە عێراق و هەڵویستی بەرامبەر وڵاتە زلهێز و کاریگەرەکانی ئەو سەردەمە، لە شوێن ئەوەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراق بگوازرێتەوە بۆ نێوەندی نێودەوڵەتی، بەهۆی نەبوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەبەردەستی شۆڕش، لە ڕێگەی

ڕۆژنامەگەری ڕۆژئاوایی گوازرانەوە بۆ بەردەم ڕای گشتی جیهانی. لەسەرەتاشدا ئەم بابەتە لەگەڵ ئەم چەند ڕاپۆرتەی (شمیدت) تاو ڕادەیەک چارەسەرکرا. بەڵکو زیاتر لەمەش، (شمیدت) بۆ ماوەیەکی زۆر بووە دەنگی شۆڕشی کورد لە ڕۆژنامەیەکی بەسەنگی نێودەوڵەتی وەک نیویۆرک تایمز، لەئەنجامی ئەو کاریگەرییەی بارزانی لەم ماوەیەدا لەسەر ئەم ڕۆژنامەنووسەی دروستکرد و بەو هۆیەوە دانا ئادامز شمیدت دوای ئەوەی سەردانی ناوچە ئازادکراوەکانی کرد، لە ساڵی ١٩٦٢ تا ساڵی ١٩٧٠ دەیان هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و وتاری سیاسی دیکەی لەسەر بارودۆخی باشووری کوردستان و کورد بڵاوکردەوە (The New York Times, April 14, 1963, p.8) ئەمەش هاندەر بوو بۆ ئەوەی چەندین ڕۆژنامەنووس و نووسەری دیکەی ئەمریکی بەهەمان شێوەی (شمیدت) لەسەر پرسی کورد و خەباتی شۆڕشگێرانەیان بنووسن، لەمانەش ڕۆژنامەنووسانی وەک (سیمور تۆپینگ Seymour Topping)١ و (ئێریک پێس Eric Pace)٢ و(تۆماس ئێف برادیThomas F. Brady)٣ و (ڕیمۆند ئێچ ئەندەرسۆن Raymond H. Anderson)٤ و (جەیمس ئێف کلاریتی James F.Clarity)٥ و (ویلیام سافایرWilliam Safire)٦ و (دەیڤید هۆڵدن David Holden)٧ و چەندانی دیکە.

لەلایەکی دیکە جەنگی سارد (١٩٤٥-١٩٩١) چۆن جیهانی بەسەر دوو بەرەی شەڕی دژ بەیەک دابەشکرد، کاریگەری لەسەر هەڵویست و دیدگای ڕۆژنامەکانیشدا هەبوو، لەبەرئەوەی ڕۆژنامەگەری لەم سەردەمەدا، ئاوێنەی سیاسەتی وڵاتەکەی بووە. لەم نێوەندەدا سەرکردایەتی کورد توانیویەتی سوود لەم دەرفەتە وەربگرێ، بۆ زیاتر ئاشناکردنی گەلانی جیهان بە دۆزەکەی، بۆیە بەهەمان شێوەی ڕۆژنامەگەری ئەمریکا، هەوڵیداوە سوود لە ڕۆژنامە دیارەکانی سۆڤیەت وەربگرێ، لەم سۆنگەوە کاریکردووە بۆ ڕاکیشانی ڕۆژنامەنووسە سۆڤیەتییەکان بۆ کوردستان لە نمونەی یەفگینی بریماکۆفی پەیامنێری ڕۆژنامەی (براڤدا)٨ ی ڕوسی. ئەم ڕۆژنامەنووسە لە یاداشتەکانی خۆیدا باسی لەم سەردانەی بۆ باشووری کوردستان کردووە، کە ئەو لەو کاتەی لە ساڵی ١٩٦٦ سەردانی کوردستانی کرد٩، لەلایەن مستەفا بارزانی بە پەرۆشییەوە پێشوازی لێکراوە (بریماکوف ،٢٠١٦، ص٣٩٣).

دیارە ڕۆژنامەی(براڤدا) سۆڤیەتی، یەکێکە بووە لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەی جیهان، بابەتەکانی بڵاویدەکردنەوە، گوزارشتی لە سیاسەتی وڵاتەکەی کردووە بەرامبەر پرسە

سیاسییەکان، دۆزی کورد و شۆڕشەکەی، یەکێک بووە لەو گۆشانەی حکومەتی سوڤیەت هەوڵیداوە لێیەوە بخزێتە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق وەک وڵاتێکی پڕ لە خێر و بێری ئابووری، بەشێوەیەکی تایبەتی. بەو هۆیەوە ئەم ڕۆژنامەیە هەوڵیداوە پرسی کورد وەک پرسێکی سیاسی بە ستراوە بە بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز بەتایبەتی وڵاتەکەی خۆی گرێبدات، لە ڕێگەی ورووژاندنی ئەو بابەتانەی، حکومەتی سۆڤیەت بەهەستیاری سەیری دەکردن، لەسەر داهاتووی پێگە سیاسی و ئابوورییەکەی لە عێراقدا. لەم چوارچێوەیەدا لەکاتی پلان دارشتنی هەرچوار وڵاتی (عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران) لە ساڵی ١٩٦٣، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەیەکی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد، ڕۆژنامەی براڤدا، هەڵوێستی حکومەتی سوڤیەتی لە سەرکۆنەکردنی ئەم جۆرە پلان و نەخشە شۆڤێنیانەی وڵاتانی دراوسێی عێراق و دەستێوەردانیان لەکاروباری نێوەخۆیی عێراق خستەڕوو، کاتێک لە ژمارەی(١٠ی تەمموزی١٩٦٣) تەواوی ووردکارییەکانی ئەو ڕێکارە دیبلۆماسییانەی وەزارەتی دەرەوەی سوڤیەتی بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم نەخشە سەربازییە بەناونیشانی (کۆتایی هاتنی دەستوەردانی بیانی لە باکووری عێراق) بڵاوکردەوە. لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دەقی ئەو یاداشتە نارەزاییانەی حکومەتی سوڤیەت، کە ڕادەستی باڵیۆزەکانی هەریەک لە وڵاتەکانی (عێراق و سوریا و ئێران و تورکیا) کرد. تەنانەت ڕۆژنامەکە هەڕەشەی حکومەتی سوڤیەتی بڵاوکردەوە، کە لە ئەگەری لەبەرچاو نەگرتنی داواکارییەکەیان بۆ کشانەوە لە عێراق، ئەگەری ئەوەی هەیە وڵاتەکەیان دەستێوەردانی سەربازی بکات بۆ ڕێگریکردن لە سەرکوتکردنی کورد لە باشووری کوردستان. دواجار ئەم هەڵوێستە بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەم پلانەی دژی شۆڕشی کورد لەئارادابوو (ПРАВДА, No:191(16412), 10 июля 1963,С.2).

ئەو کاتە ڕۆژنامە فەرمییەکانی حکومەتی عێراق، کەوتنە سەرکۆنەکردنی حکومەتی سوڤیەت و ڕۆژنامەی براڤدا. لەم سۆنگەوە ڕۆژنامەی (الجماهیر) وەڵامی ئەم هەڵوێستەی حکومەتی سوڤیەتی لە (١٢ی تەمموزی ١٩٦٣) دایەوە و ڕایگەیاند عێراق ڕووبەڕووی تۆمەتەکانی سوڤیەت دەبێتەوە و هەواڵی ڕۆژنامەکانی ئیمپریالیزم سەبارەت بە بەشداری هێزە عەرەبییەکان لە سەرکوتکردنی هەڵگەڕاوەکان ڕەت دەکاتەوە(الجماهیر،12تموز1963،ص١). تەنانەت ڕۆژنامە عێراقییەکان ڕۆژنامە و دەزگا ڕۆژنامەوانییەکانی سۆڤیەتیان بە لایەنگیرکردنی مەلا مستەفای

بارزانی تۆمەتبار کرد، وەک لەبابەتێکی ڕۆژنامەی (الجماهير)دا هاتووە، کە نووسیویەتی:" چاودێرانی سیاسەتی مۆسکۆ وای دەبینن، ئەم هەڵمەتەی پروپاگەندەی روسیا دژی کۆماری عێراق و ئەو پروپاگەندەی روسیا ڕووی راستەقینەی خۆی نیشان ئەدات لە پشتگیریکردنی لایەنگرانی بارزانی لە باکووری عێراق"(الجماهير، 29 حزيران 1963، ص6).

هەوڵەکانی مستەفا بارزانی لەپێناو بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد لە ڕۆژنامەگەری ڕۆژئاواییدا، بەو ڕێکار و کارئاسانییانەی بۆ ڕۆژنامەنووسە ڕۆژئاواییەکان لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ئەنجامدرا و تا ڕادەیەکی زۆر ئامانجەکەی خۆیان پێکا، بەتایبەتی وەک باسکرا ئەو کاتەی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا بەگوێرەی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆیان بەڕێوە دەچوون و ئەو سیاسەتەشیان لەنێو ڕۆژنامە فەرمی و نافەرمییەکانیاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە. بەو هۆیەوە هەندێکجار بەشێک لەو ڕۆژنامانە کەوتنە سەنگەری بەرگریکردن لە شۆڕشی کورد و هەواڵ و بابەتە ڕۆژنامەوانییە فەرمییە عێراقییەکانیان ڕەتکردەوە و بەچەواشەکاری وەسفیان کردن، ئەمەش لە هەواڵێکی پەیامنێری ڕۆژنامەی (براڤدا) یەفگینی بریماکۆف لە عیراق بەدیکرا، ئەو کاتەی کە لە (١٣ی شوباتی ١٩٦٤) بابەتێکی بە ناوونیشانی (بڕیاری ژیر) بڵاوی کردووە، لە بەشێکی ئەم بابەتەدا بریماکۆف نووسی :" هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن مستەفا بارزانی بە جوداخواز تۆمەتبار دەکەن و پێیان وایە مەبەستی جیاکردنەوەی کوردستانە لە عێراقدا، بەڵام ئەمە چەواشەکاریی و پروپاگەندەی ئیمپریالیزمە"(ПРАВДА,13 февраля 1964, c.6).

ڕۆژنامەی (براڤدا) لە ساڵی (١٩٦٣) زیاتر لەهەر کاتێکی دیکە، گرنگی بە دۆزی کورد داوە. لەم سۆنگەوە ئەم ڕۆژنامەیە لە بابەتێکی دیکەیدا بەناونیشانی (گۆڕانێکی مەترسیدار لە ڕووداوەکانی عێراق) نووسی:" ئێستا هەڵمەتێکی شۆڤێنی دژ بە کوردەکان لە ڕۆژنامە کۆنەپەرستەکان لە ئارادایە، کە هەواڵی ئەوە دەدەن جوڵانەوەی کوردی بە ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی بە جوداخواز و بارزانی بە (خیانەتکار) تۆمەتبار دەکەن، بەڵام ڕاستییەکان شتێکی دیکە دەڵێن، بەڵکو گوزارشت لەوە دەکەن، کە جووڵانەوەی کوردەکانی عێراق، جووڵانەوەیەکی دیموکراتی نیشتمانییە"(ПРАВДА, N: 133 (17085), 13 МАЯ 1965, c.3)

ئەم کاریگەرییانەی ڕۆژنامەگەری جیهانی لە بەرژەوەندی شۆڕشی کورد دروستیکرد، هاندەر بوو بۆ مستەفا بارزانی هەوڵی زیاتر بدات بۆ دروستکردنی پەیوەندی زیاتر بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی، بۆیە کاریکرد لە ڕێگەی ڕەوانەکردنی نوێنەرانی شۆڕشی کورد بۆ وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، یان نوێنەرانی شۆڕش لە دەرەوەی عێراق، ئەم ئامانجە بپێکێ . لەم سۆنگەوە جەلال تالەبانی لەدیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەل ڕۆژنامەی (کۆمبا)ی فەرەنسی لە حوزەیرانی ساڵی١٩٦٣ ئەنجامیدا، ئاماژە بۆ ئەوە کرد، کە مستەفا بارزانی داوای لێکردوە سەردانی ئەوروپا بکات بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژنامەکان، بۆ ئەوەی ڕەوشی ئێستای گەلی کورد بۆ ڕای گشتی ڕوون بکەمەوە(عەبدوڵلا ٢٠١٤، ل١٩٥). بێگومان ئەم هەوڵانەی بارزانی زۆربەی ڕۆشنبیرە کوردەکانیشی گرتەوە، کە نیشتەجێی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا بوون. بۆ نموونەش (عیسمەت شەریف وانلی) لە (٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٦٥ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی گوتی:" لەسەر داوای ڕێبەری کورد مستەفا بارزانی بۆ گەیاندنی چەند نامەیەک بە هەریەک لە(یۆسانت) و سەرۆک (جۆنسون) و سەرۆک (دیگول) و (جەمال عەبدولناسر) و (سەرۆکی هیند)، لە (١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤) بارەگای بارزانی جێهێشتووە، ڕەنگە (١٠) ڕۆژی دیکە سەردانی نیویۆرک بکات بۆ دیداری (یوسانت)" (The New York Times, January24,1965. p.1) .

لەم نامانەدا بارزانی داوای لە وڵاتانی دۆست و نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، ڕێگری لە شەڕێکی دیکە بکەن، وە کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد بە شێوەیەکی دادپەروەرانە. گوتەبێژی بارزانی بە پێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی (داڤار)ی ئیسرائیلی لەکاتی دیاریکراوی گەیشتە نیویۆرک و کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی ئەنجامدا و ڕایگەیاند، کە ڕۆڵی ئەو وەک نوێنەری بارزانی بریتییە لە پێشکەشکردنی چیرۆکی تەواوی گەلی کورد بە گەلی ئەمریکا و کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەبارەت بە خەباتی گەلی کوردی عێراق لە پێناو سەربەخۆیی و ناسنامەی نەتەوەیی(קול העם(עיתון)، גיליון (5562),20אפריל1965, עמ' 2).

ئەم هەواڵانەی لەم ڕۆژنامە دیارانەی ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دونیا لەسەر پرس و شۆڕشی کورد بڵاوکرانەوە، کە ڕووبەرێکی زۆریان لەسەر لاپەرەکانیان داگیر کرد، ڕادەی تێکەڵبوونی ڕای گشتی بە نێوەندە سیاسییەکانیانەوە بە پرسی کورد نیشاندا، کە لەدەرئەنجامی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆششی سیاسی پڕ لەئاستەنگ و ڕێگری بەرامبەر بە ئیرادەیەکی شۆڕشگێری سەرکردایەتی کورد بەگشتی و کەسی مەلا مستەفای بارزانی وەک ڕێبەری بزاڤەکە هاتۆتە ئاراوە، کە هەریەکێک لەم هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانیانە، ئەوەندەی خەبات و بەرخودانی پێشمەرگە لە شاخەکاندا کاریگەریی هەبووە، بۆ ڕاگرتنی پرۆسەی لەناوبردن و قڕکردنی گەلی کورد لە باشووری کوردستان.

بەم شێوەیە بڵاوبوونەوەی هەواڵە گەرمەکانی شۆڕشی کورد لە بەشێک لە ڕۆژنامە ئەمریکی و سۆڤیەتییەکان، کاریگەرییان لەسەر ڕۆژنامە جیهانییەکانی دیکەی بەتایبەتی ئەوانەی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا بڵاودەکرانەوە دروستکرد، بۆ ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی هەواڵە سیاسیەکانی باشووری کوردستان و عێراق بدەن، لەم سۆنگەوە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی بە سوود وەرگرتن لە هەواڵێکی ئاژانسی (ئسوشیتدپریس) بابەتێکی بەناونیشانی (کوردەکان داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن لیژنەی لێکۆڵینەوە ڕەوانەی باکووری عێراق بکات) بڵاوکردەوە، کە تێیدا نووسی:"ژەنەراڵ مستەفا بارزانی ڕێبەری جووڵانەوەی کوردستانی سەربەخۆ، داوا لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە ڕەوانەی باکووری عیراق بکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە کردار و ڕەفتارەکانی حکومەتی عێراق، کە خەریکی لەناوبردنی گەلی کوردە. بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەکە بارزانی ئەم داواکارییەی بە یاداشتێک پێشکەشی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان(یوسانت) و لیژنەی (مافی مرۆڤ) و (لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی ئیستعمار) کرد. ڕۆژنامەکە هەندێ لە تەوەرەکانی یاداشتەکەی بارزانی بڵاوکردەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دکرد، بارزانی لە یاداشتەکەیدا باسی ئەوەی کردووە، حکومەتی عێراق لە ئێستادا سیاسەتی زەوی سوتێنراو لەدژی کورد پیادە دەکات و خەریکی ڕاگواستنی دەیان هەزار کوردە لەناوچەکانی خۆیان و شەڕەکەیان لەدژی کورد شێوەی کۆمەڵکوژی وەرگرتووە"(Le Monde, 19 février 1966, p.1).

دیارە ئەم هەواڵانەی لە ڕۆژنامە جیهانییەکان، بەتایبەتی ئەم ڕۆژنامانەی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا بڵاوکرانەوە، لەلایەن نوێنەرانی شۆڕش لەم وڵاتانە، چاودێری دەکران و لە ئەگەری دروستبوونی هەرجۆرە هەڵەیەک، نوێنەرانی شۆڕش ڕاستەوخۆ ڕوونکردنەوەی پێویستییان بە ڕۆژنامەکان ئەدا(Le Monde, 27 mars 1974). بۆ نمونەش لەو کاتەی ڕۆژنامەی (لۆمۆندی) فەرەنسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەقی دیدارێکی مستەفا بارزانی لە ڕۆژنامەی (کەیهان)ی ئێرانی لەڕۆژی (٦ی نیسانی١٩٧٥) بڵاوکرابویەوە، وەردەگرێ و پاشان وەریدەگێرێتە سەر زمانی فەرەنسی و لەیەکێ لە ژمارەکانیدا بە ناونیشانی (هەڵگەرانەوەی کورد لە دژی بەغدا هەرگیز دروست نابێتەوە ، وەک بارزانی گوتی) بڵاوکردەوە (Le Monde, 06 mai 1975).، لیژنەی بەرگری لە مافەکانی کورد بە بابەتێک لە(٢٧ی حوزەیرانی١٩٧٥) بەناونیشانی (دۆزی کورد) وەڵامی هەڵەکانی ڕۆژنامەکەی دایەوە، کە لەکاتی وەرگێڕانەکەیان بۆ سەر زمانی فەرەنسی ئەنجامیانداوە. لەم بابەتدا لیژنەکە دەڵێت:" بارزانی نەیگوتوە شۆڕشی کورد لە دژی حکومەتی بەغدا بۆ یەکجاری کۆتاییهات و سەرهەڵناداتەوە، بەڵکو گوتویەتی، ئەو چیتر سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ناکات."(Le Monde, 27 juin 1975). ئەمەش ڕادەی پەرۆشی نوێنەرانی شۆڕش سەبارەت بە دۆزەکەیان وێنا دەکات، بۆ گواستنەوەی زانیارییەکانی شۆڕشی کورد، بەشێوەیەکی دروست.

هەوڵەکانی مستەفا بارزانی بۆ گواستنەوەی دۆخی شۆڕشی کورد و دیدی سەرکردایەتی سیاسی لەمەڕ پرسی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان، تەنها لە چوارچێوەی گرنگیدان بە ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا سنووردارنەبوو، بەڵکو بابەتەکە لەبەرئەوەی ڕەهەندی جیاوازی هەبوو، بارزانی هانداوە گرنگی بە ڕۆژنامەکانی ڕۆژهەڵاتیش بدات، بەتایبەتی ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانەی لە وڵاتانی هەرێمی درواسێی عێراق و عەرەبی و ناوچەکە بڵاودەکرانەوە. ئەوە سەرەڕای ئەوەی بەهۆی کاریگەرییەکانی عێراق لەسەر پرسی عەرەب ئیسرائیل، ڕۆژنامەکانی ئیسرائیلیش، بەسوود وەرگرتن لە ڕۆژنامە عەرەبی و ئێرانی و ڕۆژئاواییەکان، بایەخیان بە پرسی کورد لە عێراق داوە.

ڕۆژنامەکانی ئێران وەک (ئیتلاعات و کەیهان و خاک و خوون) و گۆڤارەکانی وەک (ئاسیای جوان و تەهران مسوەر و خواندنیها) ڕووبەڕێکی زۆریان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕشی کوردی تەرخانکرد. زۆربەی کات بوونە سەرچاوەی بەدەستهێنانی هەواڵ بۆ ڕۆژنامە جیهانییەکان لەسەر شۆڕشی کورد(Le Monde, 06 mai 1975). تەنانەت دوا دیداری ڕۆژنامەوانی بارزانی لەگەڵ ڕۆژنامەی (کەیهان)ی ئێرانی لە دوای کۆتاییهاتنی شۆڕشی کوردی، لە زۆربەی ڕۆژنامە جیهانییەکان بڵاوکرایەوە (کیهان، ٣ می ١٩٧٥،ص١).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە پێچەوانەشەوە ڕۆژنامە ئێرانییەکان زۆرکات سوودیان لەو دیدارە و چاوپێکەوتنانەی مەلا مستەفا بارزانی وەرگرتووە، کە لە گۆڤار و ڕۆژنامە جیهانییەکان بڵاوکراونەتەوە و دوای وەرگێڕانییان بۆسەر زمانی فارسی، دووبارە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارە ئێرانییەکان بڵاویان کردونەتەوە(طلاعات،١٣ اوربل ١٩٥٩، ص١٣). بۆ نمونە گۆڤاری (تەهران مسوەر) دیدارێکی بارزانی لەگەڵ دوو پەیامنێری گۆڤارێکی ئەلمانی، دوای وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی فارسی بەناونیشانی(ملاقات با گرگ کوهستان دو هزار کیلومتر در مناطق کردنشین عراق) بڵاوکردەوە (تهران مصور، ١١ی فیبروەری١٩٦٦،ص١). هەروەها ڕۆژنامەی ئیتلاعات دیدارێکی ڕۆژنامەنووسی بریتانی (سیمون موریسن)ی بەناونیشانی (من با ملا مصطفی بارزانی در جبهه ملاقات کردم) دوای وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی فارسی، جارێکی دیکە بڵاوکردەوە (اطلاعات، ٤ جون ١٩٦٦، ص ص١،٣). هەر ئەم ڕۆژنامەیە دەقی دیدارێکی دیکەی مستەفا بارزانی، کە لە (ئایاری ١٩٧٢) لەگەڵ ڕۆژنامەی (لوفیغار)ی فەرەنسی ئەنجامیداوە، وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و بڵاوکردەوە(اطلاعات، ١٣ اوربل ١٩٧٢، ص١).

ئەو کاتە مستەفا بارزانی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری ئێرانی لە گواستنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی شۆڕشی کورد و پێشمەرگەی کوردستانی لە نامەیەکدا کە بۆ کۆنگرەی پێنجەمی پارتی (پان ئێران)ی ڕەوانەکرد ستایشکرد، کاتێک لە بەشێکی نامەکەیدا بۆ سەرکردایەتی ئەو پارتەی نووسی:" ئێوە و حزب و ڕۆژنامەکەتان (خاک و خون)، لەتوندترین دۆخی ئێمەدا، پشتیوانی کاریگەرتان پێشکەش کردووین"(خاک و خون، ٩ جولای١٩٦٧، ص١).

لە لایەکی دیکە ئیسرائیل وڵاتێکی نەیاری عێراق بوو. سەرباری ئەوەی ژمارەیەکی زۆری جووەکانی کوردستان لەم وڵاتە دەژین سۆزییان بۆ شۆڕشی کورد هەبوو، بۆیە ڕۆژنامەگەری ئیسرائیلی گرنگی زۆری بە هەواڵەکانی شۆڕشی کوردی دا. بەتایبەتی ڕۆژنامەی (داڤار)١٠ و (معاریف) و (البلد) و (اخبار) و (صوت الشعب) و (العالم) و (قوة) و (المراقب) ،کە بەزمانی عیبری بڵاودەکرانەوە. بەگشتی ڕۆژنامە ئیسرائیلییەکان لە ماوەی ئەم توێژینەوەیەدا ، (٢٩٩) بابەتیان لەسەر شۆڕشی کورد بڵاوکردەوە، لە (٦٨) بابەتدا، باسیان لە ڕێبەری کورد مستەفا بارزانی کرد(www.nli.org.il/ar/newspapers). بەشێوەیەک ڕۆژنامەگەری ئیسرائیل لەگەڵ یەکەم ساتی بڕیاری مستەفا بارزانی بۆ گەڕانەوە لە یەکێتی سوڤیەتەوە بۆ عێراق لە ساڵی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٩٥٨، هەوڵیانداوە ووردکارییەکانی پەیوەندییان بە کورد و ڕێبەرەکەی هەبووە لە ڕۆژنامەکانیاندا بڵاوبکەنەوە، ئەمەش بەهۆی کاریگەریی پرسی کورد لەسەر هاوکێشەی سیاسی لە ناوچەکە، بەتایبەتی دوای گۆڕانی ڕژێمی حوکمرانی لە عێراق دوای شۆڕشی (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨) . لەم سۆنگەوە یەکێک لە پەیامنێرانی ڕۆژنامەی (مەعاریف)ی ئیسرائیلی بەناوی (یعازر بن موشیە) لە هەواڵێکیدا سەبارەت گەڕانەوەی بارزانییەکان لە نیسانی ١٩٥٩ بەناونیشانی (مەلا مستەفا بارزانی بۆمبی سوڤیەتی ئامادەکراوە) بڵاوکردەوە. لەم بابەتەدا نووسەر باس لە چیرۆکی ساتی پەیوەندیکردنی مەلا مستەفا بارزانی دەکات بە باڵیۆزخانەی عێراق لە براغی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا لەسەرەتای ئەیلولی ١٩٥٨. لەم باسەدا نووسەرەکە نووسیویەتی:" لەسەرەتای ئەیلولی ١٩٥٨ پیاوێک بەسەر پایەکانی تەلاری باڵیۆزخانەی عێراق لە براغ سەرکەوت، کە هاتە ناو باڵیۆزخانە، خۆی بە سکرتێری باڵیۆزخانە ناساند، ئەمیش ڕاستەوخۆ چووە ژووری باڵیۆز، لەو کاتەدا باڵیۆزەکە بەپەلە هاتە دەرەوە و باوەشی لە پیاوەکە کرد و هەر زوو پێی گوت، ژەنەراڵ بارزانی فەرمانم پێکراوە پێتانی ڕابگەیەنم کە حکومەتەکەم دان بە بەرێزتان دەنێ وەک ڕێبەری کورد لە عێراق، وە بریارمانداوە ڕێگەت پێ بدەین بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەت. ئەگەر ئێستا ڤیزات دەوێ، پاسەپۆرتەکەمان بۆ بەجێ بهێلن، لەماوەی چەند کاتێکی کەم، هەموو شتێک ئامادە دەبێ بۆ گەشتەکەت. بارزانی پرسی، چی لەبارەی ئەوانەی لە گەڵمدان؟ باڵیۆزەکە گوتی هیچ ڕێنماییەکم سەبارەت بەو بابەتە پێ نەگەیشتووە، بەڵام ئامادەم سەبارەت بەو پرسە، ئەمرۆ پەیوەندی بە حکومەت بکەم و ئەوە بزانم. بارزانی بە توڕەییەوە سەیری باڵیۆزەکەی کرد، دوای ڕاوەستانێکی کەم، بە ئاماژەیەکی توند گوتی:" بە قاسم بڵێ من بەبێ پیاوەکانم ناگەڕێمەوە، ئەوانە تەنها پیاوی هۆزەکەی من نین، بەڵکو هاوڕێی منن لە خەبات، ڕازی نابم بەگەڕێمەوە بەبێ ئەوان". باڵیۆزەکە گوتی ئەمرۆ داوا لە بەغدا دەکەم و بەپەلە وەڵامت دەدەمەوە، دوای چەند کاتژمێرێک، باڵیۆز وەڵامی دایەوە، کە ڕێنمایی پێگەیشتووە و ڕێگە دراوە بە گەڕانەوەی هەموو پیاوەکانی بارزانی، بەڵام هەموو شتێک ڕاستەوخۆ نابێ، هەندێکتان ئێستا دەگەڕێنەوە، لەماوەی چەند مانگێکی دیکەی کەم ئەوانی دیکە دەگەڕێنەوە(למרחב، יליון (1343)،24 בינואר 1960).

ئەم نووسەرە هەرچەندە لەناونیشانی بابەتەکەیدا، وەک دیارە هەوڵیداوە بارزانی وەک کەسایەتییەکی لایەنگیر بە سۆڤیەت نیشان بدات، بەڵام لە نێوەڕۆکی چیرۆکەکەدا، وێنای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرکردەیەکی خۆڕاگری سازشنەکەری بەرامبەر بە دەستکەوتەکان، لە کەسایەتی مستەفا بارزانی بۆ وێنا کردین.

جگە لە رۆژنامەی (مەعاریف)، ڕۆژنامەی دیکەی ئیسرائیل، گرنگی زۆریان بە پرسی کورد لە عێراق داوە، لە نمونەی ڕۆژنامەی (داڤار). ئەم ڕۆژنامەیە لەم ماوەیەدا لە کۆی (٤٣) بابەتی کە لەسەر کورد و دۆزەکەی بڵاویکردەوە، لە(٣٣) بابەتدا هەواڵ و وتار و بۆچوونەکانی ڕێبەری کورد مستەفا بارزانی گواستەوە(דבר، 18 במרץ 1974، עמ' 1) . بەشێوەیەک بەردەوام بووە لە گواستنەوەی هەوڵەکانی تا گواستنەوەی دوا هەواڵی شۆڕشی کورد لەسەر زاری مستەفا بارزانی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند (شەڕ کۆتاییهات). لەو ڕاپۆرتەدا ڕۆژنامەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لەبارەگای خۆی بۆ ڕۆژنامەنوسانی بیانی لە حاجی ئۆمەران ڕێکیخست، بەدڵێکی خەمگین و زۆر بە نارەحەتیەوە ڕایگەیاند کە شەڕ لە کوردستان کۆتاییهات و نیازی هەیە بۆ خۆی داوا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات ، وەک پەناهەندەی سیاسی لە وڵاتەکەیان قبوڵی بکەن و ژیانی داهاتووی لەم وڵاتە بمێنێتەوە. زیاتر لەوەش وەک لە ڕاپۆرتەکەی(داڤار)دا هات، بارزانی هۆکاری دەرکردنی بڕیاری کۆتاییهێنان بە شەڕ بە ڕۆژنامەنووسان ڕاگەیاند و گوتی:" کوردەکان بە تەنهان و هیچ دۆستێکیان نییە" (דבר، 23 במרץ 1975, עמ' 3).

دەر ئەنجام:

لەم توێژینەوەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- مستەفا بارزانی سەرکەوتوو بوو لەوەی دۆزی کورد تێکەڵ بە جەنگی ساردی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت بکات. بەم جۆرەش توانی پرسی کورد بکاتە پرسێکی نێودەوڵەتی و لەخانەی پرسێکی نێوخۆیی لە عێراقدا دەریبهێنێ، بەئامانجی بەدەستهێنانی پشتیوانی و هاوسۆزی نێودەوڵەتی بۆ کورد لە ڕێگەی کەناڵە جیاوازە سیاسی و ڕۆژنامەگەرییە جیهانییەکان.
- مستەفا بارزانی سەرکەوتوو بوو لە گەیاندنی دەنگی کورد بە نێوەندە سیاسییەکانی خاوەن بڕیار، بەڵام نەیتوانی پەرژینی بەرژەوەندییەکانیان ببڕێ و دۆزی کورد لە دیدی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زلهێزەکاندا لە پرسێکی مرۆیی بگۆڕێ بۆ پرسێکی سیاسی، لە پێناو بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد. بەهۆی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری وڵاتانی زلهێزلەم سەردەمەدا لەگەڵ عێراق و لەناوچەکە.

- مستەفا بارزانی توانی سەرکەوتووبێ لە خستنەڕووی داواکارییەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە ڕێگەی پەیام و نامە سیاسییەکانی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکومەتە زلهێزەکانی ئەو سەردەمە ڕەوانەی کرد لە ڕێگەی نوێنەرەکانی شۆڕشی کورد. بەشێوەیەک ئەم پەیامانەی بارزانی، بوونە هۆی پوچەڵکردنەوەی پیلانی وڵاتانی هەرێمی بەرامبەر بە کورد و تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی فرۆشتنی چەک بە عێراق لەلایەن فەرەنساوە و سەرباری بەدەستهێنانی یارمەتی و هاوکاری سەربازی و مرۆیی لەلایەن دامەزراوە نێودەوڵەتییە خێرخوازییەکان بۆ ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە.
- ڕۆژنامەگەری جیهانی ڕۆڵی کاریگەریی بینی لەگەیاندنی دەنگی بارزانی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لەم ڕێگەیەشەوە بارزانی توانی هاسۆزی میللی نێوخۆیی و دەرەکی گەورە بۆ شۆڕشی کورد بەدەستبهێنێ.
- بارزانی لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەی جیهانی وێنای سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقی بەرامبەر بەکورد و هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردی لە ڕێگەی گواستنەوەی دیمەنی بەرخودانی کورد و ئالانگارییەکانی بەردەمی گواستۆتەوە. بەو هۆیە توانی هاوسۆزی زۆریک لە ڕۆژنامەنووسە بەدیمەنەکانی ئەو سەردەمەی جیهان بەدەستبهێنێ بۆ ئەوەی قەلەمەکانیان بخەنە خزمەتی دۆزی کورد لە عێراقدا.
- بارزانی توانی لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەری جیهانی، وێنای شۆڕشی کورد بخاتەروو، کە شۆڕشێکی پێشکەوتنخوازی میللییە، نەک بزاڤێکی هۆزگەرایی دواکەتوو یان یاخی بوون و هەڵگەڕانەوە وەک حکومەتی عێراق و نەیارەکانی کورد وێنایان دەکرد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەراوێزەکان:

- -Seymour Topping, Iraq Reds Ask Link with Kurds, The New York Times, Sept15,1962 p.1.نمونەیەکی ئەو بابە ڕۆژنامەوانیەی ڕۆژنامەنووسەکەیە لەسەر پرسی کورد
- -Eric Pace, Arab Tribesmen Being Shifted From Kurdish District By Iraq,The New York Times, October3,1967. نمونەیەکی ئەو بابە ڕۆژنامەوانیەی ڕۆژنامەنووسەکەیە لەسەر پرسی کورد
- -Thomas F. Brady, New Rift Reported Between Baghdad and Kurds, The New York Times, August19,1968. نمونەیەکی ئەو بابە ڕۆژنامەوانیەی ڕۆژنامەنووسەکەیە لەسەر پرسی کورد
- -Raymond H. Anderson, U.S., An Octopus, Ridiculed in Iraq, The New York Times, June10,1969.نمونەیەکی ئەو بابە ڕۆژنامەوانیەی ڕۆژنامەنووسەکەیە لەسەر پرسی کورد
- -James F. Clarity, Iraqi Forces Seize Most Kurdish Towns, The New York Times, September27,1974.نمونەیەکی ئەو بابە ڕۆژنامەوانیەی ڕۆژنامەنووسەکەیە لەسەر پرسی کورد
- -William Safire, The Kurdish Question, The New York Times, September20,1979.نمونەیەکی ئەو بابە ڕۆژنامەوانیەی ڕۆژنامەنووسەکەیە لەسەر پرسی کورد
- -David Holden, Almost Unnoticed Except by Iraq, Kurds Press Their War, The New York Times, September22,1974. نمونەیەکی ئەو بابە ڕۆژنامەوانیەی ڕۆژنامەنووسەکەیە لەسەر پرسی کورد

- ڕۆژنامەیەکی روسییە، یەکێکە لە گەورەترین ڕۆژنامە جیهانییەکان لە رووی دابەشکردن و بڵاوبوونەوە لە ماوەی سۆڤیەت. ئەم ڕۆژنامەیە لەساڵی ١٩١٢ لە سانت بترسبپرگ دامەزراوە. لینین یەکێک بووە لە دامەزراێنەرانی. براڤدا یەکێک بووە لە گرنگترین سەرچاوەکانی فەرمی حزبی شیوعی لەیەکێتی سۆڤیەت. لەساڵی ١٩٩١ دوای هەلوەشانەوەی سۆڤیەت، ڕاگیراوە. شیرکو حبيب، الكورد في الوثائق والارشيف البريطاني(1958-1969)، ج2، مطبعة زهران، القاهرة، 2019، ص148.

- بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبابەتێکدا بە ناونیشانی (القضية الكردية في الصحافة العالمية) ، ڕۆژنامەنووس(بریماکۆف)، لەگەڵ شاندێکی ڕۆژنامەنووسانی سۆڤێتی لە (٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٦٦) سەردانی ناوچە ئازادکراوەکانی لە باشووری کوردستان کردووە. لەم سەردانەدا زنجیرەیەک ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی لەژێر ناونێشانی(جريدة برافدا السوفياتية في قلب شمال العراق) سەبارەت بە بارودۆخی باشووری کوردستان ئامادەکردووە و لە ژمارەی ڕۆژەکانی(١٥، ١٨ی کانونی دووەمی ١٩٦٧) ڕۆژنامەی (براڤدا) بڵاویکردەوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: خەبات(جريدة)، ع(٤٩٥)، اذار ١٩٦٧، ص٢.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- داقار: ڕۆژنامەیەکی عیبری ئیسرائیلی ڕۆژانەیە، لەساڵی (١٩٢٥) یەکەم ژمارەی بڵاوبۆتەوە و تا (١٩٩٦) بەردەوام بڵاوکراوەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **https://web.archive.org/web/20191216033235/https://www.madarcenter.org.**

سەرچاوەکان:

بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان

-Archives:1838, Control symbol: 173/2/6/1, Part1, Barcode:567337, Iraq- Political States- Kurds, Research Department Memorandum, The Kurdish Problem in Iraq (1958-63), Kurdish Appeal to Security Council, August13,1963.https://archive.org/details/political-situation-of-the-kurds/mode/2up? q=%22Iraq-%22+%22Political-%22+States+Kurds&view=theater.

- Archives:1838, Control symbol: 173/2/6/1, Part1,Barcode:567337, Iraq- Political States- Kurds, Kurd in Iraq, July3,1963. https://archive.org/details/political-situation-of-the-kurds/mode/2up?q=%22Iraq-%22+%22Political-%22+States+Kurds&view=theater.

- Archives:1838, Control symbol: 173/2/6/1, Part1, Barcode:567337, Iraq- Political States- Kurds, Kurds in Iraq, New York, 4 July 1963. https://archive.org/details/political-situation-of-the-kurds/mode/2up?q=%22Iraq-%22+%22Political-%22+States+Kurds&view=theater.

- Archives:1838, Control symbol: 173/2/6/1, Part1, Barcode:567337, Iraq- Political States- Kurds, Kurds in Iraq, New York, 2 December 1963. https://archive.org/details/political-situation-of-the-kurds/mode/2up?q=%22Iraq-%22+%22Political-%22+States+Kurds&view=theater.

- Archives:1838, Control symbol: 173/2/6/1, Part-2, Iraq- Political- States Kurds, Kurds in Iraq, File No.606/3, Memorandum No.907/65, New York ,4th August 1965. https://archive.org/details/political-situation-of-the-kurds/mode/2up?q=%22Iraq-%22+%22Political-%22+States+Kurds&view=theater.

- Archives:1838,Control symbol: 173/2/6/1 PART 2, Barcode: 589287, Political situation of the Kurds 1959-1974.https://archive.org/details/political-situation-of-the-kurds/mode/2up?q=%22Iraq-%22+%22Political-%22+States+Kurds.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڵاوکراوە حزبییەکان:

- پارتی دیموکراتی کوردستان(مەکتەبی سیاسی)، ١٩٦٩، یادداشتی بارزانی بۆ کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، چاپخانەی خەبات.

ڕۆژنامەکان

- بەزمانی عەرەبی

.خبات (جريدة): لسان حال حزب الديمقراطى الكردستانى

- نشاط البعثة الكردية فى الولايات المتحدة ولدى هيئة الامم المتحدة، العدد(٤٧٨)، حزيران ١٩٦٥.

.الجماهير(جريدة)،

-منغوليا تتراجع عن طلبها بأدراج التمرد البارزاني في جدول الامم المتحدة، العدد (155)، 27 تموز 1963.

.صوت الاكراد(جريدة)،

العدد (40)،12تشرين الاول1960.

١١ايلول(مجلة)،

- مذبحة(داكا) المروعة، العدد (1)، ايلول 1969.

.الجماهير(جريدة)،

-العراق يرد على الاتهامات السوفيتية، العدد (140)، 12 تموز1963.

-المراقبون يعقبون على الحملات السوفيتية ضد الحكم الشعبي التقدمي في العراق، العدد (127)، 29 حزيران 1963

- به زمانی عیبری

קול העם،المعاريف(جريدة مسائية تصدر في تل ابيب بأسرائيل)

- גיליון (5562)،20באפריל1965.
- ילייון (1343)،24 בינואר 1959.
- גיליון(14939)،18במרץ 1974.

דפר ، داڤار(صحيفة حزب الشيوعي الاسرائيلي).

- גיליון (15246), 23 במרץ 1975.

- بەزمانی فارسی

خاک و خون(روزنامە). ئۆرگانی حزبی پان ایران
- متن نامە مصطفی بارزانی رهبر انقلابیون کردهای عراق به اوتانت دبیر کل سازمان ملل متحد، شمارە(٤٤)، ١٩٦٦/١/٣٠.
- به مناسبت بر گزاری پنجمین کنگره حزب پان ایرانیست(از سوی اقای ملا مصطفی بارزانی پیامی فرستا دەشد)، شماره (٣۴۶)، ٩ جولای١٩۶٧.
کیهان(روزنامە): تەهران
- ئەمیر تاهیری، کاری من تمام است، شماره (٩۵۴۶)، ٣ می ١٩٧۵.
اطلاعات(روزنامە): تەهران
- رزنامەهای امریکایی می نوسیند اغرام اکراد شوروی خاورمیانه رابه خطر می اندازد، شماره (٩٨٨٣)، ١٣ اوربل ١٩۵٩.
- من با ملا مصطفی بارزانی در جبهه ملاقات کردم، شماره (١١٩٩٣)، ٤ جون ١٩۶۶.
شماره (١٣٧۶٩)، ١٣ اوربل ١٩٧٢.

- **بەزمانی ئینگلیزی**

- The New York Times
  - David Holden, Almost Unnoticed Except by Iraq, Kurds Press Their War, September22,1974.
  - Eric Pace, Arab Tribesmen Being Shifted from Kurdish District by Iraq, October3,1967.
  - James F. Clarity, Iraqi Forces Seize Most Kurdish Towns, September27,1974.
  - Raymond H. Anderson, U.S., An Octopus, Ridiculed in Iraq, June10,1969.
  - Seymour Topping, Iraq Reds Ask Link with Kurds, Sept15,1962, p.1.
  - William Safire, The Kurdish Question, The New York Times, September20,1979.
  - Dana Adams Schmidt, IRAQ PUTTING OFF KURD'S DEMANDS; Delay on Autonomy Move Causes Western Concern Kurdish Chief Impatient Arab Support Pledged, April 14, 1963.
  - Dana Adams Schmidt, Kurdish Rebel Chief Says Force Is Only Way to Win Autonomy,Sept. 11, 1962.
  - Dana Adams Schmidt, Kurdish Rebels Confident of Victory in Iraq, Sept. 10, 1962.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- Dana Adams Schmidt, Kurds' Guerrilla Tradition Aids Rebels in War on Iraqi Army, Sept. 12, 1962.
- David Holden, Almost Unnoticed Except by Iraq, Kurds Press Their War, September22,1974.
- Eric Pace, Arab Tribesmen Being Shifted from Kurdish District by Iraq, October3,1967.
- James F. Clarity, Iraqi Forces Seize Most Kurdish Towns, September27,1974.
- Kurd Chief Asks U.N. For Aid Against Iraq, June 8, 1974.
- Kurdish Rebels To Ask U.N.Help, , VOL,CXII,NO.38,253, October18,1962.
- Kurds Renewing Pleas to World Barzani Asks Help of U.N. on National Question, January24,1965. p.1.
- Raymond H. Anderson, U.S., An Octopus, Ridiculed in Iraq, June10,1969.
- Seymour Topping, Iraq Reds Ask Link with Kurds, Sept15,1962.
- Thomas F. Brady, New Rift Reported Between Baghdad and Kurds, August19,1968.
- William Safire, The Kurdish Question, September20,1979.

-بە زمانی فەرەنسی

Le Monde:

- LA RÉBELLION KURDE CONTRE BAGDAD NE REPRENDRA JAMAIS déclare le général Barzani, 06 mai 1975.
- Le problème kurde internationalisé, 10 juillet 1963.
- Le problème kurde, 27 mars 1974.
- L'ÉMIR BEDIR KHAN EXPRIME SON OPTIMISME QUANT A L'ISSUE DU PROBLÈME KURDE, 30 août 1963.
- - AUCUNE CONFIRMATION DE LA PROCLAMATION D'UN ÉTAT KURDE INDÉPENDANT EN IRAK, 09 septembre 1963.
- - ISABELLE VICHNIAC, LE GÉNÉRAL BARZANI MAINTIENT LES MAQUISARDS KURDES EN ÉTAT D’ALERTE, 24 février 1964.
- - LE PROBLÈME KURDE, 29 avril 1964.
- LES KURDES DEMANDENT AUX NATIONS UNIES L'ENVOI D'UNE COMMISSION D'ENQUÊTE EN IRAK DU NORD, 19 février 1966.
- LES KURDES: Téhéran et le général Barzani, 27 juin 1975.
- Polémique à l'O.N.U. entre la Mongolie et l'Irak sur le problème kurde, 3 octobre 1963.
- SUCCÈS KURDES EN PROCHE-ORIENT, 20 août 1962.

- TOUT LE KURDISTAN IRAKIEN serait aux mains des rebelles, 17 août 1962.

- بەزمانی روسی

- ПРАВДА(براڤدا)
- ПОЛОЖИТЬ КОНЕЦ ИНОСТРАННОМУ ВМЕШАТЕЛЬСТВУ В СОБЫТИЯ НА СЕВЕРЕ ИРАКА, No:191(16412), 10 июля 1963.
- Е. ПРИМАКОВ, Разумное решение, No:44(16630), 13 февраля 1964.
- ОПАСНЫЙ ПОВОРОТ СОБЫТИЙ В ИРАКЕ,No: 133 (17085), 13 МАЯ 1965.

گۆڤار

- **به زمانی عەرەبی**
- **مجلة جامعة زاخو**
- - محمد،شيرزاد زكريا، 2015. مجلس قيادة الثورة في كوردستان(دراسة في علاقاته الخارجية 1964-1966)، مج(3)، ع(1).
- **بەزمانی فارسی**
- **تهران مصور(مجلة)،**
- ملاقات با گرگ كوهستان دو هزار كيلومتر در مناطق كردنشين عراق، شماره (١١٧١)، ١١ی فيبروەری١٩٦٦، ص١.

یاداشت

- دزەیی، ,محسن .أحداث عاصرتها،ج٣، کوردستان، ٢٠١٣.

توێژینەوە زانستییەکان

- زيدان، أحمد سعيد السيد. ٢٠١٦. "ثورة أيلول الكردية في الصحافة الامريكية(1961-1963)، نموذجا." مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو Middle East Journalمنشورات صحيفة ,4No.3 .(7557-2410)
https://www.hjuoz.uoz.edu.krd/index.php/hum/article/download/263/211

کتێب

بە زمانی کوردی

- ڕەئیسینەژاد، ئارەش. (٢٠٢٢). شــای ئێران، کوردی عێراق و شیعەی لوبنان ١٩٥٨-١٩٧٩، چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- شمیدت، دانا ئادامز.(٢٠٠٩)، سەفەرێک بۆ ناو پیاوە ئازاکان لە کوردستان، چ٢. ترجمة و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل. هەولێر: ئاراس.
- شەریف، عەلی. (٢٠٢١). جووڵانەوەی نەتەوەیی باشوری کوردستان(١٩٦١-١٩٨٢) لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا. ترجمة پارسار شێرکۆ. دهۆک.
- صوت الأکراد- دەنگی کورد یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسیی کوردیی سەربەخۆیە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە(٩شوبات-٢٥ تشرینی دووەم ١٩٦٠)،(٢٠٢٢)، ئا: عەبدوڵا زەنگەنە، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، د. نەجاتی.(٢٠١٤). مێژوو و کوردناسی، ب:١، و. لەفەرەنسییەوە: بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- عەتار، دارا.(٢٠٢٠)، بژاردەیەکی ئەنتۆلۆژی ئارشیفی کورد لە ئەورووپا، هەولێر.
- محمد، شێرزاد زکریا، (٢٠٢١). ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستان- عێراق ١٩٦٤-١٩٧٠، دهۆک.

بەزمانی عەرەبی

- بریماکوف، یفجيني. (٢٠١٦)، الکوالیس السریة للشرق الاوسط(النصف الثاني من القرن العشرین و بدایة القرن الحادي والعشرین). ترجمة ، ت: نبیل رشوان. القاهرة.
- جیرارد جالیاند،(٢٠١٢)، شعب بدون وطن(الکرد و کردستان)، ت: عبدالسلام النقشبندي، دار أراس للطباعة والنشر، أربیل.
- کوماروف، د. دینیس. (٢٠٠٥)، البارزاني و نضال الاکراد الجنوبیین، البارزاني و شهادة التاریخ. ترجمة د.باقي نازي و د.عبدي حاجي. دهوک: مؤسسة سبیریز.
- عصمت شریف وانلي، کردستان العراقیة هویة وطنیة (دراسة في ثورة 1961)، ت:د. سعاد محمد خضر، مطبعة شقان، السلیمانیة, (2012).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

The role of Mustafa Barzani In the internationalization of the Kurdish issue between the years (1960-1976)

Qaraman Haidar Rahman
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: qaraman.rahman@su.edu.krd

Keywords: *Mustafa, Barzani, Revolution, Kurd, Cause.*

Abstract
Mustafa Barzani led the longest Kurdish revolution in southern Kurdistan (1961-1975). To continue this revolution, he worked to use human resources to gain international support for the Kurdish cause. By establishing a special department for the revolution to coordinate the Kurdish leadership's external relations with international institutions such as the United Nations and its affiliated institutions. In addition to establishing contacts with the international press to convey the picture of the conditions and demands of the Kurdish people to influential international centers and the international community, in order to ensure political, military and humanitarian support for the revolutionaries and civilians. Although the Kurdish revolution was not entirely successful militarily as a result of international conflict and conspiracy, it was the opposite politically, because Mustafa Barzani was able to succeed in placing the Kurdish issue in an international framework twice, in 1963 and 1974.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دور مصطفى بارزاني
في تدويل القضية الكردية بين اعوام (1960-1976)

ملخص:

قاد مصطفى بارزاني أطول ثورة كردية في جنوب كردستان (1961-1975). لمواصلة هذه الثورة ، عمل على استخدام الموارد البشرية لكسب الدعم الدولي للقضية الكردية. من خلال إنشاء قسم خاص للثورة لتنسيق العلاقات الخارجية للقيادة الكردية مع المؤسسات الدولية مثل الأمم المتحدة والمؤسسات التابعة لها. بالإضافة إلى إقامة اتصالات مع الصحافة الدولية لنقل صورة أوضاع ومطالب الشعب الكردي إلى المراكز الدولية المؤثرة والمجتمع الدولي ، من أجل ضمان الدعم السياسي والعسكري والإنساني للثوار والمدنيين. على الرغم من أن الثورة الكردية لم تكن ناجحة عسكريًا بالكامل نتيجة الصراع الدولي والتآمر، إلا أنها كانت على العكس من الناحية السياسية ، لأن مصطفى البارزاني استطاع أن ينجح في وضع القضية الكردية في إطار دولي مرتين في عامي 1963 و 1974.